نووسینی: د. محەمەد عومەر شابرا
و. لە عەرەبییەوە: د. هێرش محەمەد ئەمین

شارستانییەتی ئیسلامی

هۆیەکانی داڕمان و پێویستی بۆ چاکسازی

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری (٤٧)

د. محەمەد عومەر شابرا

- لە شوباتی ساڵی ١٩٣٣ لەدایکبووە.
- ئێستا ڕاوێژکاری پەیمانگای ئیسلامییە بۆ توێژینەوە و ڕاهێنانی سەر بە بانکی ئیسلامی بۆ گەشەپێدان لە جیدە.
- ٣٥ ساڵ لە دامەزراوەی دراوی عەرەبی سعودی کاریکردووە و تێیدا بە پلەی گەورەڕاوێژکارانی ئابووریناسان خانەنشین کرا.
- لە هەردوو زانکۆی ویسکۆنسن و کینتاکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وانەی وتووەتەوە، هەروەها لە پەیمانگای ئابووریی گەشەپێدان و لە پەیمانگای توێژینەوەی ئیسلامی لە پاکستان کاری کردووە.
- چەندین نووسینی بنەڕەتی لە بواری ئابووری و دراوی ئیسلامیدا هەیە، لەوانە (١٥) کتێب و زیاتر لە (١٠٠) توێژینەوەی ڕەسەن و پێداچوونەوەی کتێب و هەندێکیشیان بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.

د. هێرش محەمەد مەلائەمین چایچی

- لە ساڵی ١٩٥٧ لە هەڵەبجە لە دایکبووە.
- خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئەدەبی عەرەبی.
- پرۆفیسۆری یاریدەدەر و سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبییە لە کۆلیجی زمان - زانکۆی سلێمانی.
- خاوەنی (٧) توێژینەوەی زانستییە و (٣) کتێبی بڵاوکردووەتەوە.
- چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە.

شارستانییەتی ئیسلامی

هۆیەکانی داڕمان و پێویستی بۆ چاکسازی

محەمەد عومەر شابرا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی
محەمەد زوهەیر ئەلسەمهوری

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی
د. هێرش محەمەد ئەمین

شارستانییەتی ئیسلامی

هۆیەکانی دارمان و پێویستی بۆ چاکسازی

....

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٤٧)

- نووسینی: د. محەمەد عومەر شابرا
- وەرگێڕانی: د. هێرش محەمەد ئەمین

- بابەت: هزری
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٣٢٧)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

پێشکەش

بــە کۆچــکردووان: ئیبراهیمــی بــرام و عائیــشەی خوشکم، خوای گەورە لێیان خۆش بێت و پاداشتی بــەخێریان بداتــەوە لــە قوربانیــدانیان بــۆ مــن و خێزانەکەم.

د. محەمەد عومەر شابرا

ناوەڕۆك

سەرەتا ٥
دەستپێك ٢٥
پێشەكی ٢٩
بەشی یەكەم: بیردۆزی ئیبن خەلدون لە گەشەپێدان و دارماندا ٦٣
بەشی دووەم: ئەو هۆكارانەی بوونە هۆی ڕابوونی موسڵمانان ٩٥
بەشی سێیەم: هۆكاری بەرپرس لە دارمانی موسڵمانان ١١٧
بەشی چوارەم: دارمانی ئابووری ١٦١
بەشی پێنجەم: دارمان لە فێركردن و زانست و تەكنۆلۆژیادا ٢١٥
بەشی شەشەم: دارمانی كۆمەڵایەتی ٢٨٣
بەشی حەوتەم: هەندێ پەند و ئامۆژگاری لە مێژووی ئیسلامەوە ٣١٣
بەشی هەشتەم: شكست لە سوودوەرگرتن لە پەندەكان ٣٢٧
بەشی نۆیەم: پێوستی بە چاكسازی ٣٣٩
سەرچاوەكان ٣٩٥

سەرەتا

مێژوو تەنیا تۆمارێك نییە بۆ ڕووداوەكان، بەڵكو پێشانگایەكە بۆ ئەو وێنانەی پەردە لادەدەن لەسەر زنجیرەیەك لە (كۆمەڵە سیناریۆییەك)ی یەك لەدوای یەك بۆ دەستكەوتەكانی مرۆڤایەتی و شكستەكانی، نایابییەكانی و ناڕێكییەكانی، هەڵكشانی و داكشانی. ئاسۆیەك دەكاتەوە بۆ دواڕۆژ، ئاوێنەیەكە بۆ دەنگی ڕووداوەكان كە بەستراونەتەوە بە گەشەكردنی نەتەوە و ژیارییەكان و هەرەسهێنانیان لە میانەی كارلێكردنی فیكرەكان و كەسایەتییەكان و دەزگاكان و كۆمەڵەكان و كۆمەڵگاكان.

ئەو كۆمەڵە ڕووداوانەی لە هەڵكشان و داكشاندان و مێژوو پێشانی دەدات كە كۆتایی نایەت و دووچاری گەلان و شارستانییەتەكان بووە، لە بەرزبوونەوە و دابەزیندان. لە كاتێكدا ئەم وێنە سەرنجڕاكیشانە دەخرێنە بەرچاو، دیارە وەستانەوەیە ڕووبەڕووی عەقڵ، ئەمە تێڕامان و شیكردنەوە و چوونەناو كرۆك دەخوازێت، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو هێزەی هۆكار بووە و خۆی لە پشت هەموو دیاردە مێژووییەكانەوە

حەشار داوە. ئەم پرۆسەیەش مرۆڤ لە دینامیکی مێژووەوە بۆ بواری فەلسەفەی مێژوو دەگوازێتەوە، ئەمەش ئاسۆیەك لە بەردەم مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە بۆ هەڵێنجانی پەند و ئامۆژگاری لە ڕابوردوودا، لە پێناو سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئێستا، ڕێگەخۆشکەرێك دەبێت بۆ ئایندەیەکی باشتر. مێژووش چەندان حاڵەتی کەوتن و هەستانەوەی بە خۆوە بینیوە و هەریەکەشیان پەند و ئامۆژگاریی خۆی هەیە کە ئەگەر فەرامۆشیان بکەین، ئەوا مرۆڤایەتی تووشی فەوتان دەبێت.

قورئانی پیرۆز داوا لە مرۆڤایەتی دەکات، بە مەبەستی وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری و چاککردنی هەڵسوکەوتی و ئاوێتەبوونی خودی خۆی لەگەڵ چارەنووسیدا، سەیری مێژوو بکات. (ئیشتیاق قورەیشی)، مێژوونووسی بەناوبانگ، هەستی بەمە کردووە کاتێك دەڵێت: "قورئان سەیری ئێستا ناکات کە تەنیا کاتێکە و تێدەپەڕێت، هەروەها سەیری ڕابووردووش ناکات کە ژمارەیەك کاتی بەسەربردوو و ئێستایە کە هیچ بایەخێکی نییە، تەنانەت بەوەشەوە ناوەستێت کە گوێ بداتە ئەو خراپەکارییانەی کە نەتەوەکانی پێشوو ئەنجامیان داوە و دووچاری چ وێرانکارییەك هاتوون لە ئەنجامی ئەو خراپەکارییانەدا".[(١)]

---

[1]. Qureshi, Ishtiaq Hussain “Historiography”In M. M. Sharif (ed), A History of Muslim Philosophy. Royal Book. Co. , 1983, Volume 2, p. 1198.

بیرکردنــەوە لــە هۆکارەکــانی پێــشکەوتنی گــەلان و کۆمــەڵگاکان و نەتەوەکان و دارِمانیان، پەیوندییــەکی بــەهێزی بــە لــۆژیکی قورئانــەوە هەیە ﴿وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ هود/١٢٠.

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ فَمِنْهُمْ مَنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُمْ مَنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ النحل/٣٦.

﴿أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَبْلِهِمْ مِنْ قَرْنٍ مَكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّنْ لَكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاءَ عَلَيْهِمْ مِدْرَارًا وَجَعَلْنَا الْأَنْهَارَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُمْ بِذُنُوبِهِمْ وَأَنْشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ﴾ الأنعام /٦.

﴿وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِنْ قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (١٠) قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ ثُمَّ انْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ﴾ الأنعام /١٠ــ١١.

قورئــان دووپــاتی دەکاتــەوە کــە کاریگــەریی مــاددی و مەعنــەوی بەرپرسە لە پێشکەوتنی نەتــەوەکان و دارِمانیــان و داوا لــە مرۆڤایــەتی دەکات لە مەبەستی خوداوەنــد تێبگــەن کــە لــە کــردارە مێژووییــە یــەك لەدوای یەکەکاندا دەدرەوشێتەوە و رۆڵێکی وای داوەتە پیاو و ئافرەت، کە تەنیا بریتی نییە لە وەرگرتنی پەند و ئامۆژگــاری لــە مێــژوو، بــەڵکو کاریگەرییشیان لەسەر مێژوو هەبێت. بیروباوەرِی جێنشینیش بــۆ رۆڵــی مرۆڤەکان لەسەر زەوی دیاری دەکات. هەروەها پەیامەکەیان مێژووییــە

و تاك و كۆمەڵەكان لە باوەڕدارانن كە بریتییــە لــە هــەوڵی بــەردەوام بــۆ ژیــان بــە پێــی خواســتی خوداوەنــد و چەســپاندنی لــە میانــەی كــات و شوێنێكدا بۆ مێژوو. ڕۆڵی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر بێت) بە ڕۆڵێكی نموونــەیی بێوێنــە لــە مێــژوودا دەستنیــشان دەكــات، كــە كۆتــا پێغەمبەرە بۆ خۆی و گەلانی موسڵمان. ئەم ڕۆڵە لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕوونی دەردەكەوێت كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾ الحديد /٢٥، هــەروەها پــەروەدگار - بــە ڕوونــی - بەرپرســیاریەتی گــەلانی دەستنیشان كردووە كـە دەفـەرموێت: ﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ البقرة /١٤٣، هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ﴾ النساء /١٣٥.

ئوممــەتی ئیــسلامی، خــاوەن پەیامــە، تێڕوانینێكــی تایبــەتی بــۆ مرۆڤایەتی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەری، چ لە ئاستی تاك یان كۆمەڵ و لــە نــاوەوە و دەرەوە، بــە هــەموو شــێوەیەك و كاریگەرانــە، هــەوڵ بــۆ چەسپاندنی دادپــەروەری (بــۆ موســڵمانان و ئــەوانی تــریش) بــدات، بــۆ ئەوەی مرۆڤایەتی خێری دونیا و كۆتایی دەستبكەوێت. ئەگەر ئوممەت بە گوێرەی ڕێنماییەكانی خوا ئەركی خۆی جێبەجێ بكـات و پێغەمبــەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بكاتە سەرقافڵەی خـۆی، ئــەوا لــە دونیــادا ئاشتی و گەشەسەندن و لە كۆتاییشدا سەرفرازی و ڕزگاربوون بەدەست دەهێنێت ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي

الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا﴾ النور/ ٥٥.

دیارترین نیشانەی شارستانییەتی ئیسلامی ئەوەیە کە پشت بە باوەڕهێنان دەبەستێت، تێڕوانینیشی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و ئەنجامەکان لە ڕێنماییەکانی خواوەیە، کە یەکسانیی تەواو لە نێوان ئەو شتانەی گیانین و ئەوانەی مادین، بەدی دەهێنێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە لە نێوان ئەو شتانەی مەعنەوین و ئەوانەی دونیایین، کاتێ لە ژیانی مرۆڤایەتی و کێشەکانی نزیکدەبینەوە، دەبینین ژیان هەموو یەك ئۆرگانە، بۆیە پێویستە کێشەکان بە ڕێگەیەکی گشتگیرانە چارەسەر بکرێن، نەك بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ، ڕۆحی شارستانییەتی ئیسلامی لەم تێڕوانین و پەیامە پێك دێت، کە دەیەوێت جیهان بە گوێرەی ئەو تێڕوانینەی لە میانەی کارێکی هاوبەش و دروستکردنی کەسایەتی و کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرییەکی نموونەیی، بگۆڕێت.

هێزی ڕاستەقینەی شارستانییەتی ئیسلامی خۆی لە هەوڵی بەردەوامی بۆ بەدەستهێنانی خاوەندارێتیی ڕەوشت و هێزی ماددی و گەشەسەندن و ئاسایشدا دەبینییەوە، هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی شارستانییەتی ئیسلامی و فراوانبوونی بریتی بوو لە ڕۆحێك کە خاوەن بزوێنەرێکی دینامیکی بوو، هەر کاتێك ئەم هاوکێشەیە تێکبچووایە، ئەو کاتە هێزی داڕمان و پەرت و بڵاوی، ڕێسی کۆمەڵگای ئیسلامی دەکردەوە بە خوری و دەبووە هۆکاری داڕمانی. مێژووی ئیسلام لە

میانـەی ئـەو ڕۆژگـارە دوور و درێـژە جۆراوجۆرانـەی پێیـدا تێپـەڕیوە، دووچـاری بـەهێزی و لاوازی و هــەروەها بەرزبوونــەوە و گلۆربوونــەوە بووەتــەوە، ئەمانــە ســەرەڕای کــەمبوون و زیـادبوون و کۆبوونــەوە و پەرتبوون، بەڵام ئـەوەی لـە مـاوەی ئـەم مێـژووەدا جیـای دەکاتـەوە، بریتییــە لـــە زیندووبوونـــەوە و گەشـــانەوەی نـــاوخۆیی لـــە ڕۆحـــە گەشەدارەکەیدا و دەرخستنی لە هەموو کات و شوێنێکدا. دوای هـەموو نوشوستییەك شەپۆلێکی نوێی زیندووبوونەوە دەهات و وزەیەکی نوێ و تازەگەرییەکی ڕۆحیی تێدا بوو، کـە لـە ئاسـت بەرەنگاربوونەوەیـەکی داهێنەرانەدا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەردەمەکە.

هــەموو ســەردەمێکی گەشەســەندن و زیندووبوونــەوە، هێــز و توانــا نوێیەکەی لە سەرچاوە ڕەسـەکەنەکەیەوە وەردەگـرت، واتـە قورئـان و سوننەت، هەموو هەوڵێکیش لەم شێوازانە پێکهێنەری بەردەوامی بوون، لە هەمان کاتدا داخوازییەکانی گۆڕانکاری بەدیدەهێنا، بە بـەردەوامیش تێـڕوانین هــەبوو بـۆ پــەیام و دیـدگاکان، بــەڵام شـێوازەکەیان لەگـەڵ خواســت و داواکـاریی باردۆخـە نوێیەکانـدا دەگونجانـد، کـە ئەمــەش هێمایەکی نموونەییـە بـۆ پـرۆژەی ئیـسلام لـە مێـژوودا. سـتراتیژییەتی گەشەسەندن و زیندووبوونـەوەی ئیـسلامی، هەمیـشە پێـداگری لەسـەر کۆکردنــەوەی هێــزی ڕۆحــی و مەعنــەوی و مــاددی و تــەکنۆلۆژیا دەکــردەوە، ئەمــەش لــە ڕێگــای خۆیــەوە دەبــووە هۆکارێـك بــۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی گۆشکراو بەم دید و تێڕوانینە، پەیوەست بە

دروســـتکردنەوەی پەیکـــەری کۆمـــەڵگا و فەراهـــەمکردنی هـــەموو سەرچـــاوەکانی هێـــزە بـــۆ خزمـــەتی ڕەهەنـــدە باڵاکـــانی ئیـــسلام، خوێندنەوەیەکی وردبینانە بۆ چواردە سەدەی ڕابوردوو و پەردە لەسەر ئەو سروشتە دینامیکییەی ڕۆحی ئیسلامی لادەبات، کـە گوزارشـتی لـە خۆی و لە هەموو سیناریۆی شوێن و کاتە جۆراوجۆرەکاندا کردووە.

بیرمەندە ئیسلامییە هاوچـەرخەکان، ڕۆحـی مێـژووی ئیـسلامی و شارستانییەتی ئیسلامی، بـە ڕۆحێکـی گەشەسـەندوو و زیندووبوونـەوە وەسف دەکەن.[1]. بیرمەندەکانی ڕابوردوو لە میانی بارودۆخی مێـژوویی تایبەتی خۆیانەوە، ڕووبەڕووبەی ئەم مەسەلەیە بوونەوە، لەو بیرمەندە پایەبەرز و بەناوبانگانەی لێکۆڵینەوەیان لەسـەر لایـەنی شارسـتانییەتی ئیسلامی کرد، بریتی بـوون لـە: ئـەبو یوسـف (١١٣– ١٨٢ هـ / ٧٣١– ٧٩٨ م)، ئەبولحەسـەن کـوڕی محەمـەد ئـەلماوەردی (٤٥١– ٥٠٥ هــ /١٠٥٥– ١١١١م)، ئەحمەد کوڕی عەبدول حەلیم ئـیبن تەیمییـە (٦٦١– ٧٢٨ هــ /١٢٦٣– ١٣٢٨م)، ئـیبن خەلـدون (٧٣٢– ٨٠٨هــ /١٣٣٢–

---

1. Mawdudi, Sayyid Abul A'La. A short History of the Revivalist Movement in Islam. Lahore: Islamic Publications, 3rd Edition, 1976; Mawdudi, Sayyad Abul A. La. Khilafat- o - Mulukiyyat. . Lahore: Islamic Publications, (1966:); Mawdudi, Sayyad Abul A. La. The Islamic Movement: Dynamics of Values, Power and Chang (ed. And translated by Khurrum Murad), Leicesier, UK. The Islamic Foundation, 1984. See also: Nadvi, Abul Hasan Ali. Tarikh Dawat - o - Azeemat. 6 Volumes, Luknow, India: Majlis Tahaqiqat - o - Nasharaiyyat -e- Islam, 1969 – 1984.

١٤٠٦م)، شـــا وەلـــی الله ئەلدەهلـــەوی (١١١٤– ١١٧٦هــــ /١٧٠٣– ١٧٦٢م)، جەمالەدینی ئەفغانی (١٢٥٤– ١٣١٥هـ /١٨٣٨– ١٨٩٧م).

ئەوەی شایانی باسە، سەرەڕای جیاوازی لـە هـاودەقیی مێژوویـیدا، بـەڵام سـەبارەت بـە هۆکارەکـانی دارمـانی شارسـتانییەتی ئیـسلامی، کۆدەنگییەك لە نێوان زانایانـدا هەیـە، سـەرەڕای تێڕوانینـی تایبـەتیان سـەبارەت بـە سـتراتیژییەت و ڕێگاکـانی گەشەسـەندن و نوێبوونـەوە و زیندووبوونەوە.

هەموویان لەسـەر ئـەوە کـۆکن کـە دواکـەوتنی موسـڵمانان بـە هـیچ شـێوەیەك هۆکارەکـەی ئیـسلام نییـە، بـەڵکو دوورکەوتنەوەیانـە لـە ئیـسلام، هـەروەها سـەرلەنوێ دیـد و بۆچـوونە ڕەسـەنەکانیان دووپاتکردووەتـەوە، بـەو هیوایـەی ئـەو شـێواندنانەی لـە ئـەنجامی ڕانـەگرتنی پارسـەنگی لایەنـە ڕەوشـتی و ڕۆحـی و مـاددی و تەکنۆلۆژیاکانـە لەگـەڵ هاوکێـشە ئیـسلامییەکاندا. سـتراتیژییەتی گەشەسـەندن و زیندووبوونـەوە، مەبەسـتیەتی پێـداگری بکـات لـە تێگەیشتنی سەرلەنوێی دید و بۆچوونە ڕەسەنەکان و دووپاتکردنـەوەی پـەیامی موسـڵمانان و پتـەوکردنی پـەروەردە و فێرکـردن و بنیاتنـانی ڕەوشت، لە هـەمان کاتـدا بەدەستهێنانی داهـاتی مـاددی و ئـابووری و تەکنۆلۆژیایی، لە پێناو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا، پاڵپشت بە بیروبـاوەڕی ڕاوێـژکاری و لێپرسـینەوە و دادوەری و یەکـسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پشتبەستن بە خودی مرۆڤ خۆی، ئەم بابەتانە

کرۆکـــی گەشەســـەندن و زیندووبوونـــەوەن و بنـــەمای ســـەرلەنوێ بنیاتنانەوەشن، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە ئەو شێوازەی لە ئـەنجامی ئـەو هاودەقییە مێژووییە جۆراوجۆرانەدا وەری دەگرێت. هێزی ڕاستەقینەش لـە ملکەچـبوونی تەواودایـە بـۆ خـوا و پێغەمبەرەکـەی (درودی خـوای لەســەر)، هــەروەها ڕەوشــتبەرزیی تــاك و گەشەســەندنی ئاسایــشی کۆمەڵگایـە. دیـارە ئەمـەش لـە میانـەی تـەرخانکردنی هێـزی کێبڕکێـی سیاسـی و ئـابووری و تـەکنۆلۆژیی و سـەربازیدایە، لەوانەشـە شـێوازی ســتراتیژییەتی ئــەم گەشەســەندن و زیندووبوونەوەیــە بــە گــوێرەی سەردەمەکان جیاوازی هەبووبێت، بەڵام ئەو بنەمایانەی باسمـان کـردن تایبەتمەندی هاوبەشن لە نێوانیاندا.

هاوڕێی خۆشەویستم عومەر شابرا، ڕێگایەکی نـوێی دۆزیوەتـەوە لـە توێژینەوەی بارودۆخی ئێستای مێژووی ئیسلامی و شارستانییەتیی ئیسلامیدا، کە هەڵێنجاوە لە پسپۆڕییەکی مێژوویی بۆ ئـەم میللەتـە بـە گشتی، ئامێرەکانی شیکردنەوەی مێژوویی بەکارهێناوە، کە بە تایبەتی ئیبن خەلدون پەرەی پێدابوو.

کارەکــەی ئــیبن خەلــدونیش بریتــی بــوو لــە یــەکێك لــە نموونــە گشتگیرییەکانی تێگەشتن لە بەرەو پێشچوونی شارستانییەت و داڕمانی و بە تایبەتیش شارستانییەتی ئیسلامی، کارەکەشی تەنیا هۆکارەکـانی دروستبوون و گەشەسـەندن و داڕمـان و پـەرتبوونی شارسـتانییەتەکان دەرناخات، بەڵکو تاقیکردنەوەی نموونەیی شیکاری بۆ تێگەیشتن لـەو

کێشانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگای ئیسلامی دەبوونەوە، ئەنجام دا. لە پێناو زیندووکردنەوە و پەرپێدانیدا بوو. ئیبن خەلدون بە بیرێکی قووڵ و تێڕوانینێکی فەلسەفییانەوە، شیکردنەوەی بۆ دەرهاویشتە مێژووییەکان ئەنجام دا، هەروەها هەوڵیدا شیکاری بۆ خاڵە لاواز و بەهێزەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بکات، لەبەر ڕووناکیی ئەو هزر و بیروباوەڕ و تێڕوانینانەی لە قورئان و سوننەتدا هەن، هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە لەسەریان ڕۆشتوون بە درێژایی مێژووی ئیسلامەتی.

بە کورتکردنەوەی پەند و ئامۆژگاریی بنەڕەتیی هەڵێنجاو لە مێژووی ئیسلامەتیدا، کارێکی باشی ئەنجام دا، کاتێ کە دەڵێت ئیسلام، موسڵمانانی لە ساتەوەختە نارەحەتەکاندا ڕزگار کردووە، نەك بە پێچەوانەوە، چونکە ئیسلام هەمیشە و بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی بنەڕەتی ئیلهام بووە، خاڵی کۆبوونەوەی چارەنووسساز بووە لە پێناو بەدەستهێنانی گەشەسەندن و نوێبوونەوەدا.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بە گشتی جیاوازە لەو ڕێگایەی کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتناس و زانا ڕۆژئاواییەکان، ئەوانەی گرنگی بە مێژووی ئیسلامەتی دەدەن، گرتوویانەتەبەر، کە بە شێوەیەکی گشتی هەوڵیان داوە بە شێوەیەك لە شێوەکان لۆمەی دواکەوتنی موسڵمانان بخەنە ئەستۆی ئیسلام و بیروباوەڕەکەی، خۆیان بە تەواوەتی بێئاگا دەکەن لەوەی کە سەرچاوەی گەشەسەندن بە درێژایی سەردەمە سەرەکییەکان لە مێژووی مسوڵمانان‌دا، تەنیا لە خودی ئیسلامەوە

بووه، له ڕاستیدا هەندێکیشیان وای بۆ دەچن ـ گەیشتوونەتە ڕادەیەك ـ کـە مردنـی شارسـتانییەتی ئیـسلامی ئاشـکرا بکـەن، شارسـتانییەتی ئیسلامییش وا دەبینن کە کەلتوورێکی ڕابوردووە و ڕاستییەك نییـە کـە بژێت و گەشە بکات و وێنەی ئایندە بکێشێت.

زانایانی موسڵمان بە توندی ڕووبەڕووی ئەم لێکچوونە وەستانەوە و شـەپۆلێکی ڕابـوونی ئیـسلامی لـە سەرانـسەری جیهانـدا بـەدرۆی خستنەوە، هەروەها ئەم لێکچوونە هەڵەیـە لـە مێـژوو و شارسـتانییەتی ئیسلامیدا ڕێگایەکی نوێی لە ئەدەبیاتدا گرتەبـەر کـە لـە "پیـشەسازیی تۆقێنەر"دا خۆی بینییەوە، کە لە ئاسـۆی هـزر و ڕاگەیاندنەکانـدا دوای ڕووداوە کارەسـاتبارەکەی یـازدەی سـێپتەمبەر دەرکـەوت. ئێـستا پێداوستییەکی هەنووکـەیی و بابـەتی هەیـە بـۆ هـەوڵێکی ڕاسـتەقینە و بابەتییانـە بـۆ تێگەیـشتن لـە شارسـتانییەتی ئیـسلامی و بـارودۆخی ڕاسـتەقینەی کۆمـەڵگای ئـەمڕۆی ئیـسلامی، لێکۆڵینەوەیـەکی دادوەرییانەی پشت بەستوو بە ڕابوونێکی ئیسلامیی هاوچـەرخ بکرێت. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پـێ بدرێت، هەنـدێ هـەوڵ هـەن لـە جیهـانی ڕۆژئاوا بۆ تێڕوانین لە بارودۆخی ئیسلامی کە تێڕوانینێکی واقیعییانەیە، هەروەها دۆزینەوەی هۆکار بۆ گفتوگۆ و هاوکـاری لـە نێـوان ئیـسلام و ڕۆژئاوادا، سەرەڕای ئەو گوتارەی کە ئێـستا بـاڵی تێـڕوانین و بـیردۆز و ئاینـدەبینیی پەیوەسـت بـە ململانـێ و ڕووبەڕووبوونـەوە بەسـەردا کێشاوە، حەزدەکەم لەم بارەیەوە ئاماژە بە کاری بیرمەندەکان بـدەم،

وەك: مارشـاڵ هودجـسۆن[1] (Marshal Hodgson) و جـۆن ئیـسبۆ سـیتۆ[2](Esposito, John) جـۆن فـول[3] و هـانس كۆنگ[4] (Hans Kung)، كارەكانیان هەندێ ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێكی تاریك، ئەم هەوڵەش كە كتێبەكـەی عومـەر شـابرا پێـشكەشی دەكـات، تـاك و بێوێنەیـە، چـونكە دەچـێتە سـەر پانتاییـەكی نـوێ لـە

---

[1]. Hodgson, Marshal G. S. The Venture of Islam. Conscience and History in a World Civilization, Chicago: University of. Chicago Press, 1974.

[2]. Esposito. John. L. (ed). The Oxford History of Islam, Oxford, Oxford: University. press. 2001; Also Esposito. John. L. and John, D. Voll. makers of Contemporaty. Islam. 2nd Ed, New York:, Oxford: University. press, 2001.

[3]. Voll, John D. Islam Contimuity and Change in the Modren World, 2nd Ed, Syracuse. Syracuse University Press ;1994.

[4]. Kung, Hans. Islam. Past., Present and Future, Oxford One World, 2007.

هـانس كـۆنگ هـەوڵی دا دینامییـەتی سـەرهەڵدانی شارسـتانییەتی ئیـسلامی و دارمـانی و گەشەسەندنی و لاوازبوونی لە شـەش شـێوەدا كورتبكاتـەوە: كۆمـەڵگای ئیـسلامیی ڕەسـەن، ئیمپراتۆرییـەتی عـەرەبی، شـێوەی كلاسـیكیی ئیـسلامی بـەو پێیـەی كـە ئـایینێكی جیهانییـە، شێوەی زانایان و سۆفییەكان، شێوەی تازەگەری، شێوەی پاش تازەگەری، دووپاتی دەكاتەوە و دەڵێت: پێویستە دان بەوەدا بنێین سـەبارەت هـەموو ڕەوتـە مێژووییـەكان و ڕەوتـە دژەكـان، بـەردەوام لـە گـشت وێنـە جۆراوجۆرەكـانی مێـژوودا و ئـەوەی ئیـسلام بـەدیهێناوە، هێـشتا زینـدووە، بابـەتێك هەیـە پێویـستە گرنگیـی تـەواوی پـێ بـدەین كـە پێكهاتـەكانی و تێڕوانینـە بنچینەییەكانی لە حاڵەتێك لـە حاڵەتەكانـدا، لـە سەرچـاوەیەكی هەڕەمەكییـەوە هـەڵناقوولێت، بـەڵكو بـە تـەواوی پابەنـدە بـە كەسـایەتییەكی مێـژوویی دیـاریكراوەوە، كـە ئـەویش كتێبێكـی پیرۆزە، ئەمەش بە نموونەیەكی نەگۆڕ دەمێنێتەوە. بڕوانە:

Kung, Hans. Islam; Past, Present and Future p. 20.

میانەی پێشکەشکردنی تێڕوانینی ئیسلامی بە شێوەیەکی بـەرز و بـالا، لـە ئاسـتێکی بـەرزی زانسـتی و ئەکادیمییـەکی ڕاسـتگۆ و تێڕوانینێکـی قووڵەوە.

بەشدارییە سەرەکییەکانی عومەر شابرا لە گۆڕەپانی ئابووریـدا و بـە تایبەتیش لە ئابووریی ئیسلامیدا خۆی دەبینێتەوە. ڕۆچوونی بە مێژوو و فەلسەفەی مێژوودا ـ وەك دەردەکەوێت ـ لقی تریشی لێبووەتەوە لـە میانەی چوونە ناو بوارەکانی ئابوورییەوە. کتـێبی سـەرەکی و یەکـەمی "بـەرەو سیـستمێکی دراوی دادپەروەرانـە" کـە لـە سـاڵی ١٩٨٥دا بڵاوبووەوە و خەڵاتی شا فەیسەڵی نێودەوڵـەتیی لـە ساڵی ١٩٩٠دا پـێ وەرگـرت، چارەسـەری بنـەماکانی دراوی ئیـسلامی دەکـات. توێژینەوەیەکی زانستیی ئاست بەرزە لەسەر مەسەلەی سوو لە ناوەندی دارایی و ئابووریی نوێدا. خستنەڕوویەکی زانستییانەیە سـەبارەت بـە هۆکارە لۆجیکییەکانی حەرامکردنی سوو، بەشدارییەکی داهێنەرانەیە بۆ داهێنانی چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ سیستمێکی دراوی بـێ سـوو. بـە شـێوازێکی کارامـە دەیـسەلمێنێت کـە سیـستمێکی دارایـی بـێ سـوو (ئاسایش و داپەوەری بەدیدەهێنێت)، نەوەك دەتوانرێت، بەڵکو زاڵبێت بەسـەر ئـەو یاسـایانەی ئێـستا پـەیڕەودەکرێن لـە سـوودی سـوودا. وا دەردەکەوت بیرۆکەکە لە حاڵەتێکی دوودڵیدا بووبێت، بەدەر لە هـەموو مەسەلەکانی تر، لەسەر مەسەلەی چۆنیەتی جێبـەجێکردنی یاسـایەکی دراویی بێ سوو جێبەجێ ناکرێت، ئەم یاسایە سەرکەوتنێکی تـەواوەتی

بـەدی ناهێنێـت و بەرهــەمێکی باشیــشی نابێــت، ئەگــەر سیــستمێکی ئابووری نەبێت و لە ژینگەیەکی ئیسلامیی پوختدا نـەبێت، دیـارە ئەمـە پاڵی پێوە ناوە لێکۆڵینەوەکـەی لەسـەر سیـستمی ئـابووریی ئیـسلامی بێت، هەووەها لە میانەی یاسا ئابوورییە هاوچەرخەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکات، کە سەرمایەداری و سۆسیالیستی و دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی دەگرێتەخۆ. هەروەها هەوڵەکانی و بیروباوەڕی لە کتێبێکـی سـەرەکیی دووەمدا (ئیسلام و ڕووبەڕووبوونەوەی ئابووری) خۆی دەبینێتەوە، کـە لـە سـاڵی ١٩٩٢دا بڵاوکراوتـەوە و ئەمـە کتێبێکـی ئاسـانە و پـشت بـە توێژینەوەی زانستیی تێروتەسەل دەبەستێت و گفتوگۆی ورد سەبارەت بـــە ســـەرمایەداری و سۆسیالیـــستی و وڵاتێکـــی خۆشـــگوزەران و ئابوورییەکی ئیسلامی، دەکات.

شـابرا، لـە میانـەی ئـەم لێکۆڵینـەوە بەراوردکارییـەدا، بـاس لـەو کێشانە دەکات کە پەیوەندییان بە جێبـەجێکردنی سیـستمی ئـابووریی ئیـسلامییەوە هەیـە لـە هـاودەقیی ئیـسلامی هاوچـەرخدا، هـەوڵی داوە جەختبکاتەوە کە پێویستە ستراتیژییەتێکی گشتگیر فەراهەم بهێنرێت، لـە پێنـاو جێبـەجێکردنی لێکنزیکبوونەوەیـەکی ئیـسلامی لـە ئـابووریی وڵاتە ئیسلامییەکاندا. شابرا دووپاتیدەکاتەوە کە ئـەم لێکنزیکبوونـەوە نوێیە ئەنجامێکی باشی نابێت، ئەگەر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لـە ئامـانج و ڕێوشوێنە سیاسی و بەرنامە کۆمەڵایەتییە ـ ئابوورییە پەیڕەوکراوەکانی وڵاتانی جیهانی ئیـسلامیدا نـەکرێت، کـە پێویـستە ئەمـەش سـەرلەنوێ

پەیوەست بێت بەو پەیکەرەی تەواوی دامەزراوە و ئامێرە ئابوورییەکانەوە. بۆیە بەرنامەی دارایی و ئابووریی ئیسلامی هەمووی نایەتە دی، ئەگەر بەشێك نەبێت لە چاکسازیی گشتگیر و بەرنامەی داڕشتنەوەی پەیکەری ئابوورییەکەی.

وا دیارە ئەم بابەتە بەرەو قۆناغی دووەمی بیرکردنەوەی بردووە لە کێشەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و گەڕان بە دوای نموونەی مێژوویی بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا و ئابوورییەکەی. هەر بۆیە کتێبی سەرەکی سێیەمی (ئایندەی زانستی ئابووری لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە) کە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکرایەوە، بۆ دۆزینەوەی ئەم بوارانە بوو.

لەو کتێبەیدا هەوڵی داوە ڕووبەڕووی کێشە گرێدراوەکان ببێتەوە کە پەیوەستن بە بەستنەوەی ئابووری و کۆمەڵگا و مێژوو بەیەکەوە. تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە نموونەکەی ئیبن خەلدون پەیوەست بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری، بەستووە، کە کلیلێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە ڕابوردوو و دەستپێکێکیشە بۆ پلاندانان لە پێناو ئایندەدا. هەوڵەکەشی لە ئابوورییەکی نوێدا پشت بە بەهاو بیروباوەڕی ئیسلامی دەبەستێت، کە ئەمەش وای لێکردووە لەسەر کێشە ئابوورییە سیاسییەکان زۆر بوەستێت: ڕۆڵی دەوڵەت، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، دینامیکییەتی مێژوو. لە گفتوگۆکەیدا بۆی دەرکەوت کە پێویستە جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی لە مەرامەکانی شەریعەت

بکرێتــەوە (بــەرگریی ئــایین و عــەقڵ و ژیــان و نــەوە و ســامان) بــۆ مامەڵکردن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی فیقهی ئایینیدا.

لــەناو شــیکارییەکانیدا هەنــدێ هۆکــاری تــر ســەرهەڵدەدەن، بــە تایبــەتیش کێــشەکانی ئــازادی، مــافی مرۆڤــ، و دادپــەروەری، و دەستەڵاتێکی پێگەیشتوو، و لێپرسینەوە، و قەڵاچۆکردنی گەنـدەڵی، و بنەبڕکردن هەژاری و نەخوێنـدەواری. ئەمـە ئـەو شـێوەیەیە کـە شـابرا لەگەڵ ئابووریدا دەیبات بەرەو بوارەکانی مێژوو و زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسەت، دەتوانین لە ئەنجامی ئەم تێڕوانـی گەشـتە فیکرییەیـەدا لـەم لێکۆڵینەوەیەیــدا (شارســتانییەتی ئیــسلامی: هۆیــەکانی داڕمــان و پێویستی بۆ چاکسازی) بە ڕوونی ببینین.

کتێبی (شارستانییەتی ئیسلامی: هۆیەکانی داڕمان و پێویستی بۆ چاکسازی) لێکۆڵینەوەیــەکی پــسپۆڕیی هەمــە جــۆرە، پێویــستی بــە خوێندنەوە و تێگەیشتن هەیە لە میانی کارەکانی پێشووی دانەردا. لەم کتێبەدا جەخت لەسەر هۆیەکانی داڕمانی موسڵمانان، و سروشتی کێشە هەنووکەییەکانیان دەکاتەوە، کە ئێستا موسڵمانان پێیدا تێپـەڕ دەبـن. بابەتە سەرەکییەکان بۆ ستراتیژێکی گشتگیر بۆ چاکسازی و سەرلەنوێ بنیاتنانــەوە دیــاری دەکــات. هــەروەها ڕۆڵــی بــیروڕا و تاکــەکان و دامــەزراوەکان و بزوتنــەوە کۆمەڵایەتییــەکان و دەوڵــەت، مایــەی گرنگیپێدانێکی تایبەتی ئەون. ئەم سـتراتیژییە لـە تێڕوانینـی ڕەوشـتی ئیسلام و ڕۆحییەت و وێناکردن و مەرامـە ئایـدیۆلۆژیی و سیاسـییەکانی

گــەلانی ئیــسلامی شــاردراوەن. یەکــەکانی بنیــاتی ســتراتیژییەتی پێشنیارکراو لە کۆکردنەوەی هۆکارە ئابووری و سۆسیۆلۆژی و سیاسی و تــەکنۆلۆژی و بنیاتگــەر پێکــدێن، بــۆ ســەرلەنوێ بنیاتنانــەوەی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و دەوڵەتێکی ئیسلامی.

مۆرکێکی گرنگی تری ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، ئەوەیـە کـە ڕووبـەڕووری هەندێ بابەت دەبێتەوە کە پەیوەستە بـە شارستانییەتی ئیـسلامی لـە میانــەی ڕیزبەنــدیی جیهانییــەوە. دانــەر لــەم لێکۆڵینەویــەدا نــەریتێکی هەمەلایەنەی ڕووبەڕووبوونەوەکان دووپاتدەکاتــەوە و ســتراتیژییەتێکی گشتگیری هاوسەنگ دەخاتەڕوو، بە پێچەوانەی ستراتیژییە چاکسازییە کەرت کەرتبووەکان کە ئێستا لە ئارادان. ئەو نزیکخستنەوە گشتییەی کــە داوای دەکــات لەگــەڵ ڕۆحــی مێــژوویی گــەلانی موســڵماندا یەکدەگرنەوە. هەروەها بەدیهێنەری خواستەکانە کە مرۆڤایەتی داوایان دەکــات، کــە دووچــاری هەوڵــە نەزۆکــەکان بووەتــەوە و هەوڵــدەدات چارەسەر بۆ کێشە ئابووری و کۆمەڵایــەتی و سیاسـییەکان بدۆزێتــەوە، بێئەوەی گۆڕانکارییــەکی بنــەڕەتی لــە میانــەی ئــەو نموونــە عــەلمانی و لیبڕاڵییانەی کە هەن، ئەنجام بدات، گۆڕانکارییەك کە نموونەیەکی نـوێ پێــشکەش بکــات کــە تەواوکــەر بێــت لــە نێــوان لایەنــە مــاددی و مەعنەوییەکانـدا، ڕۆڵـی سـەرەکیش بـدات بـە دادوەری و یەکـسانی بـۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ڕوونیی هەموو تێڕوانینێك، مـەرجی سـەرەكی و یەكەمـە بـۆ هـەر ستراتیژییەكی كە چاكسازی شایانی گرنگیپێدان بێت، عومـەر شـابرا لـە وێنەكێشانی تێڕوانینێك بۆ كۆمـەڵگا و ئـابووریی ئیـسلامی سـەركەوتوو بوو، كـە بتوانێـت لـە سـایەی نموونەیـەكی ئیـسلامیدا بنیاتیـان بنێـت، ئایندەی گـەلانی ئیـسلامی لـە سـەدەی بیـست و یەكـدا بەسـتراوە بـەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی كۆمەڵگا لەبـەر ڕۆشـنایی ئەم نموونە و تێڕوانین و كاركردنانەدا كە بریتین لە دوو بڕگەی سەرەكی بۆ ئەم ستراتیژییەتە: تێڕوانین بە بێ كار دەبێتە خەون، كاریش بە بـێ تێڕوانین دەبێتە دێوەزمە و كارنامەیەكە بۆ كارەساتەكان.

نزیكخستنەوەكانی شابرا پشت بە هۆكارە ڕەوشتییەكان دەبەستێت و لە چواردەوری مرۆڤدا دەخولێنەوە. دادپەروەری و خۆشگوزەرانی بۆ هـەموو مرۆڤـەكان، ئەمـە بـە بـەهاترین ئامـانج دادەنـرێن كـە هـەموو مرۆڤایەتی چاوەڕوانی دەكات، بەڵام ئەو ستراتیژییەتانەی كە پـشت بـە نموونەی عەلمانی و مادییەكان دەبەستن، ئەمانـە لایەنـە هەسـتیارەكان پشتگوێ دەخەن. شابرا داوا دەكات كامڵبوونی تەواوی یەكتری هەبێت، لـە نێـوان لایەنـە مەعنـەوی و ڕۆحییـەكان لـە لایـەك، لایەنـە مـاددی و سـتراتیژییەكانیش لەلایـەكی تـرەوە، پێشخـستنی داهاتـە مرۆییـەكان دەبنە یەكەم هێزی كاریگەر بۆ بنیاتنانی بنەمای سیستمی كۆمەڵایـەتی ـ ئابووری دادپەروەرانە، كە گەشەپێدان و فەراهەمهێنانی داهاتە مـادی و تەكنۆلۆژییەكان ببنە هۆكارێك بۆ ئـەو ئامانجـە، نـەوەك ببنـە خـودی

ئامـانج. شـابرا گرنگیـی ئـازادی و پەخـساندنی هـەلی کـار و ڕوونـی و لێپرســینەوە لــە هــەموو ئاســتەکاندا دووپاتدەکاتــەوە، هــەروەها دادپەروەری و لێبووردەیی دوو بابەتی بنەڕەتین لە هەر سـتراتیژییەکی چاکسازیدا کە ئەو پێناسەیەیان بەسەردا بسەپێنرێت. لەم ستراتیژییەدا پێویستە گرنگیی زیاتر بە فێرکردن و توێژینەوە بـدرێت، هـەروەها بـەو بەرنامە گشتگیرییانەی تایبەتن بە پێشخـستنی زانـستی و تـەکنۆلۆژیا. دیوکراتیــەت و ئامێرەکــانی بەشــداربوو تێیــدا، وەك ڕۆحــێکن لــەو سیـستمەدا. بـاڵاترین ئامــانجیش بەدەســتهێنانی دادپەروەرییــە بــۆ هەمووان و یەکڕیزی نەتەوە و، پشتبەخستن بە خود لـە جیهانێکـدا کـە فرە لایەنە پێشبڕکێ تیایدا باڵا دەستە و بەدوور بێـت لـە خۆسـەپاندن. هــەروەها پێویــستە ڕووبــەڕووی گەنــدەڵی و خواسـتی بــەکارهێنان و پــشتگوێ خــستنی ژینگــە ببنــەوە، لــە کاتێکــدا کــە تــاك خــۆی هەڵـسوورێنەری ڕاسـتەقینەی سیـستمەکەیە، بۆیـە ڕۆڵـی پاککـەرەوە ڕەوشـتییەکان و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـە ـ ئابوورییـەکانی تـر و ڕۆڵـی ئیجـابیی دەوڵـەت، بـە کۆڵەکـە سـەرەکییەکانی ئـەو سیـستمە نوێیـە، دادەنرێن.

بەم شێوەیە عومەر شابرا هەموو پێکهاتـە سـەرەکییەکانی دیـاری کرد بۆ ستراتیژییەتێك شیاو بێت بۆ گۆڕان، بۆ ئـەوەی شارسـتانییەتیی ئیسلامی بگاتە سایەیەکی نوێ، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆی بکـات، بـە مـەرجێك ببێتـە نیعمـەتێك بـۆ سـەرجەم

ئوممەت و مرۆڤایەتی. من دوودڵ نیم لەوەی کە چوارینە زانستییەکەی عومەر شابرا، بە تایبەتیش ئەم کتێبەی کە پەیوەندیی بە شارستانییەتی ئیسلامییەوە هەیە، هاوبەشییەکی گەورەیە لە پێشخستنی فیکری کۆمەڵایەتی ـ ئابووریی ئیسلامی لەم سەردەمەی ئێستادا، ئاسۆی نوێتریش دەکاتەوە بۆ وتاری فیکری و گفتوگۆ لە ناوەندی زانایانی موسڵمان و دیالۆگ لەگەڵ هەموو جیهاندا. ئەم بیروبۆچوونانە بنەمایەکی بەهێز بۆ داڕشتنەوەیەکی نوێ دروست دەکات بۆ سیاسەتەکان و پیاچوونەوەی پەیکەری کۆمەڵایەتی ـ ئابووری بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی.

خورشید ئەحمەد

لیستەر ـ شانشینی یەکگرتوو

١٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

دەستپێك

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ الانبياء /١٠٧، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ﴾ البقرة / ١٤٨.

دەتوانین بڵێین ئیسلام دەتوانێت دیدگایەکی بەسوود بۆ ڕۆشنکردنەوەی ویژدانی خەڵکانی ئەم سەردەمە دابین بکات، مرۆڤایەتی بە گشتی، نەك تەنیا موسڵمانان، بەرژەوەندییان دەبێت لە ئەنجامەکەی (مارشاڵ هۆدجسۆن)دا.[1]

ئەو دیدگایەی قورئان پێشکەشی موسڵمانی دەکات، ڕەحمەتێکە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام جیهانی ئیسلامی وێنەیەك پیشان دەدات لەگەڵ ئەم دیدگایەدا ناگونجێت. لە ماوەی چەند سەدەیەکی ڕابووردوودا، بە چەند کردارێکی داڕمانی بەردەوامدا تێپەڕی، نەیتوانی ئەم دیدگایە جێبەجێ بکات. پێویستە لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ئەم داڕمانە بکرێت. هەوڵمداوە بە کورتی وەڵامی ئەمە لە دوو بەشدا بدەمەوە: بەشی سێیەم و شەشەمی کتێبەکەم: "ئایندەی زانستی ئابووری لە تێڕوانینی ئیسلامییەوە". لەبەرئەوەی ئەم دوو بەشە، بەشێکن لە زانستێك پەیوەستە بە ئابوورییەوە و لەوانەیە زیاتر سەرنجی ئابووریناسەکانی ڕاکێشابێت، لەگەڵ ئەوەی بابەتەکە زرۆیکی تر دەگرێتەوە، بە تایبەتیش زانایانی

---

[1] . Hodgson, The Venture of Islam, Volume 3, p. 441.

کۆمەڵناسی و سیاسی و چاکخوازەکان، بۆیە دامەزراوەی ئیسلامی (The Islamic Foundation) ئاگاداریان کردمەوە کە لە کتێبێکی سەربەخۆدا و بەشێوەیەکی زیاتر گشتگیرییانە، تاوتوێی هۆیەکانی داڕمان بکەم، کە سەرنجی بازنەیەکی فراوانتری خوێنەران ڕابکێشێت، لە بری تەنیا زانایانی ئابووری، هەروەها گفتوگۆکەش هێمایەك بێت بۆ بەرنامەیەکی چاکسازی بە کردەوە. منیش داواکارییەکەیانم جێبەجێ کرد، بە پێداچوونەوە و فراوانکردنی ئەو دوو بەشەی کە باسکرا، بەشی تریشم بۆ خستنە سەر، سەرەڕای بەشی کۆتایی کە زیاتر گشتگیر بوو سەبارەت چاکسازیی پێویست. هیوادارم ئەمانە گفتوگۆ و دیالۆگ بوروژێنن سەبارەت بە هۆیەکانی گلۆربوونەوەی موسڵمانان، چاکسازییەکی پێویست و یارمەتیدەر بن بۆ هێنانەدی مەبەستی قورئان، کە ئیسلام بکاتە ڕەحمەتێك بۆ مرۆڤایەتی.

زۆر سوپاسگوزاری ڕۆبەرت وابلز (Robert Whaples) و موراد هۆفمان (Murad Hofmann) و ئەنەس ئەلزەرقا و محەمەد نەجات الله سدیقی و سامی سوەیلم و خورشید ئەحمەدم، کە دەستنووسی یەکەمیان بە وردی خوێندەوە تێبینیی بەسوودیان پێشکەش کرد، کە زۆر بەسوود بوون لەو پاکنووسەی تێمدا کرد. هەر بۆیە لە ئەنجامی کۆتاییەکەیدا ژمارەیەك تێڕوانینی بەنرخ ڕەنگدەداتەوە، بەڵام هیچ کەسێك لەوانە ڕەشنووسی کۆتایی نەبینیوە، بۆیە خۆم بەرپرسیارم لە هەر هەڵەیەك لە کتێبەدا ڕووی دا بێت.

ئـەو بیروبۆچـوونانەی لـەم کتێبـەدا هـاتووە، بیروبۆچـوونی خۆمـە، ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ئەو لایەنە نییە کە ئێستا کـاری تێـدا دەکـەم، یاخود هەر لایەنێك پێشتر کارم تێدا کردبێـت. سـوودێکی زۆرم لـە هەنـدێ کتێب و نووسراو وەرگرت لە ساڵەکانی ڕابووردوودا خوێندبوومنەوە، بـەڵام نەمتوانی لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژە بەو هەموو سەرچاوانە بکەم کـە پـشتم پـێ بەسـتوون، لەبەرئـەوەی ناوهێنـانی ئـەو هـەموو کتێـب و نووسراوانەی کە سوودم لێ وەرگرتن، شوێنێکی فراوانتری داگیر دەکرد لـە لیستی سەرچاوەکاندا، هەرچەندە ئەمە بە هـیچ جۆرێـك کـار ناکاتـە سـەر بەهای بەشدارییان لەم کتێبەدا. هـەروەها سـوودم لـە هـەردوو وەرگێڕانـی قورئـانیی یوسـف عـەلی و محەمـەد ئەسـەد وەرگرتـووە، هـەروەها لـە (پێشەکی)یەکەی (ئیبن خەلـدون)ی ڕۆزنتـال، بڵاوکـراوەی سـاڵی ١٩٦٧ و وەرگێڕانی عیسەوی بڵاوکراوەی ساڵی ١٩٥٠، لەگەڵ ئەوەشدا مـن هـەردوو وەرگێڕانەکەم بەکارنەهێناوە . بەڵام وەرگێڕانـی فـەرموودە و فیقهـەکان و ئەدەبیاتـە عەرەبییـەکان کـە لـەم کتێبـەدا هـاتوون، خـۆم وەرمگێـڕاون. سوودیـشم لـە تێبینییـە دووربینییـەکانی دکتـۆرە سـومەیەی کـچم لـە وەرگێڕانی هەندێکیاندا وەرگرتووە.

پێمخۆشـە سوپاسـی عەبـدول لـەتیف بیلـو بکـەم کـە بڵاوکـراوە سەرژمێرییەکانی وڵاتـانی ئیـسلامیی پـێ بەخـشیم، کـە کـاتێکی زۆری بـۆ گەڕاندمەوە، هەروەها خۆم بـە قـەرزاری مـەنازیر ئەحـسەن (Manazir Ahsan) بەڕێوەبـەری گـشتیی دامـەزراوەی ئیـسلامی لـە لیـستەر، لـە شانشینی یەکگرتوو، دەزانم و سوپاسـی دەکـەم، گـەر ئـەو نەبووایـە ئـەم

کتێبە تەواو نەدەبوو. لە کۆتاییدا سوپاسی خاتوو سوزان ساکری (Susanne Thackray) دەکەم بۆ یارمەتیدانی لە بواری دەرچوونیدا.

لە هەر شوێنێك دوو ساڵی جیاواز نووسرابوو، پاش هەر کەسایەتییەکی ئیسلامیی کەلتووری یاخود ناوی خێزانی دەستەڵاتدار یان ڕووداوێك، یەکەمیان نیشانەیە بۆ ڕۆژژمێری کۆچی و دووەمیان نیشانەیە بۆ ڕۆژژمێری گریگۆری (زاینی). لەگەڵ ئەوەی ئەم کارە دەبێتە سەرلێشواندنی خوێنەر، بەڵام پێویستیشە بۆ یارمەتیدانی خوێنەر بۆ زانینی بوونی ئەو کەسە یان ئەو خێزانە دەستەڵاتدارە لەو کاتەدا، یان زانینی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

هەروەك لە کتێبەکانی پێشوومدا وتوومە، قەرزاری خێزانەکەمم، باشترین ئافرەت، گەورەیە و ئەژمار ناکرێت، چاکەیەکی زۆری هەیە بەسەرمەوە، لە یارمەتیدانم و هاندانم بە بەردەوامی و لە ئەستۆگرتنی ژمارەیەك لە ئەرکەکانی ماڵەوە، بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە. هەروەها سوپاسی محەمەد ڕەشید و محەمەد ڕەسووڵ دەکەم، بۆ ئەو یارمەتییە بێوێنەیەیان لە کاری سکرتاریەتدا پێشکەشیان کردم، بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە.

محەمەد عومەر شابرا/ جیدە

١٠ی جەمادی یەکەمی ١٤٢٨ی ك

٢٤ ی ئایاری ٢٠٠٧ی ز

پێشەکی

هەندێ پرسیاری یەکلاکەرەوە

ئێستا جیهانی ئیسلامی بە قۆناغێکی مێژوویی سەختدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە پێنج یەکی ژمارەی دانیشتووانی جیهان، هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە نزیکەی ٨٪ی کۆی بەهای کڕینی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی جیهان. جیهانی ئیسلامی دووچاری نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری و تێکچوونی گشتیی ئابووری بووەتەوە، بەراورد لەگەڵ هەندێ وڵاتی تازەپێگەیشتوودا لە ئاستێکی زۆر دواکەوتوودایە، بەدەر لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکانیش. نزیکە بڵێین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، وەك ئابووری و سیاسی و فێرکردن و تەکنۆلۆژی و سەربازی، هەتاوەکو لە ڕوانگەی بەدەستهێنانی مەبەستەکانی شەریعەتیشەوە، زۆر لاواز

دەردەکەوێت[1]، لەبری هێزێکی مەعنەوی و دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ هەمووان و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری و برایەتی - وا چاوەڕوان دەکرێت، لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا بڵاوببێتەوە - بۆیە دارمانێکی ڕەوشتی دەبینین، هەست بە کێشەیەکی قووڵی نادادپەروەری دەکرێت لە دارایی و ساماندا، کە ناکۆکی و دابەشبوونی لێدەکەوێتەوە. لە کاتێکدا دەبینین پێویستییە بنەڕەتییەکانی ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووان دابین نەکراوە، لەبەرئەوە دەبینین چینە دەوڵەمەند و ناوەندە باڵاکان لە حاڵەتێکی باشی خۆشگوزەرانیدان. بۆیە بوونی هەژاری لە تەنیشت دەوڵەمەندییەوە، برایەتی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی تێک دەدات، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تاوان و

---

[1]. گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر مەبەستەکان کرا لە کتێبەکانی (فیقە)دا، بەناوبانگترینیان نووسینەکانی ئەلماتوریدی (٣٣٣ ك / ٩٤٥ ز کۆچی دوایی کردووە)، شاهی (٣٦٥ ك / ٩٧٥ز کۆچی دوایی کردووە)، باقلانی (٤٠٣ ك / ١٠١٢ ز کۆچی دوایی کردووە)، جوەینی (٤٧٦ ك / ١٠٨٥ ز کۆچی دوایی کردووە)، غەزالی (٥٠٥ ك / ٩٧٥ ز کۆچی دوایی کردووە)، فەخرەدینی ڕازی (٦٠٦ك / ١٢٠٩ز کۆچی دوایی کردووە)، عەمیدی (٦٣١ك / ١٢٣٤ز کۆچی دوایی کردووە)، عیزەدین کوڕی عەبدولسەلام (٦٦٠ك / ١٣٨٨ز کۆچی دوایی کردووە)، ئیبن تەیمییە (٧٢٨ك / ١٣٣٧ز کۆچی دوایی کردووە)، شاتبی (٧٩٠ك / ١٣٨٨ز کۆچی دوایی کردووە)، بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بەو گفتگۆیانەیان، بڕوانە:

- Masud, M. Islamic Legal Philosophy: A Study of Abu Ishaq al-shatib's Life and Thought. Islamabad: Islamic Research Institute, 1977.

- الريسوني، أحمد . نظرية المقاصد عند الامام الشافعي،الرياض: دار العلمية للكتاب الاسلامي، ط ١٩٩٢، بەرگ٢، ل٢٥_٥٥.

- Nyazee, Imran, Ahsan Khan. The Distinguished Jurist's Primer. Reading, UK: Garnet, 1994, P. 189-268.

توندووتیژی و شێواندنی باری کۆمەڵایەتی و ناجێگیریی سیاسی. هەندێ لە وڵاتانی پیشەسازیی بەهێز هەوڵدەدەن ئـەم بارودۆخانـە بقۆزنـەوە و دەسـت بەسـەر وڵاتـانی ئیـسلامیدا بگـرن، بـە تایبـەتیش ئەوانـەی لـە سـامانی سروشـتیدا دەوڵەمەنـدن، یـان خـاوەن پێگەیـەکی جـوگرافیی ستراتیژین.

ئەم بارودۆخە کۆمەڵێك پرسیار دێنێتە کایەوە، یەکێکیان پەیوەستە بەو هۆکارانەی کە جیهانی ئیسلامیی گەیاندووەتە ئەم ئاستە نزمە، کـە پێشتر و بە درێژایی چەند سەدەیەك خاوەن ڕابووردوویەکی نـەمر بـوو. ئەو هەوڵانەی دراوە بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە، پرسـیارێکی تـر دەوروژێنن، ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون وایان لـە موسـڵمانان کـرد ئـەو ئاستە بەرزە بەرهەمهێنە بنوێنن لە سەدەکانی پێشووی ئیسلامدا؟ ئایا ئیـسلام ڕۆڵێکـی ئیجـابیی دەبینـی لـەو ڕابوونـەی پێـشووی ئیـسلامدا؟ ئەگەر ئەو ڕابوونەی پێـشوو بەرهـەمی ئیـسلام بووبێـت، بۆچـی ئێـستا ئیسلام توانای نییە بار و گوزەرانی موسڵمانان چاك بکات؟ ئایا لەوانەیە توانـای هــەبووبێت لـەو کاتانـەدا هاوکـاری موسـڵمانان بووبێـت لـەو پێشکەوتنەیاندا لە ڕابووردوودا؟ ئایا ئێستا بەهۆی نەتوانینیانەوە بێـت لــە بەرپەرچــدانەوەی ڕووداوە نوێیــەکان کــە لــەم ســەردەمانەدا ڕووبـەڕوویان دەبێتـەوە؟ ئەگـەر ئیـسلام هۆکـار نـەبێت بـۆ خراپیـی بارودۆخی موسڵمانان، ئەی گلەییەکە ڕووبەڕووی کـێ دەبێتـەوە؟ دوای دەستنیــشانکردنی هــۆی یــاخود هۆیــەکانی دارمــانی موســڵمانان،

پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات، ئەویش: پێویستە چی بکرێت بۆ چاکسازی لە جیهانی ئیسلامی، کە بتوانێت سەرلەنوێ هەستێتەوە؟ ژمارەیەك لە زانایان(١) هۆکارە جۆراجۆرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان

---

[1]. لە نێوانیاندا فیلیب حەتا و شەکیب ئەرسەلان و ژمارەیەکی تر، بڕوانە:
- Hitti, Philip. History of the Arabs. London. Macmillan, 1958.
- Arsalan, Amir Shakib. Our Decline and its Causes. M. A. Shakoor (tr.), Lahore: S. M. Ashraf, 1962.
-Issawi, Charles. The Economic History of the Middle East. 1800-1914. Chicago: University of Chikago Press, 1966.
- Issawi, Charles. "The Decline of Middke Eastern Trade, 1100-1850. " In D. S. Richards (ed), Islam And The Trade of Asia. Philadelphia: University of Pennsylvania Press, 1970.
- Lambton, Ann K. S. "Persia: The Breakdown of Society. " In P. M. Holt, Ann Lambton and Bernard Lewis (eds), The Cambridge History of Islam. Cambridge University Press 1970, volume 1, p. 430-67.
- Inalcik, Halil. "The Heyday and Decline of the Ottoman Empire. " In P. M. Holt, Ann Lambton and Bernard Lewis (eds), The Cambridge History of Islam. Cambridge :Cambridge University Press. 1970, Volume 1, p. 324-31.
- Inalcik, Halil and Dovald Quataert (eds). An Economic and Social History of the Ottoman Empire, 1300-1914. Cambridge, UK: Cambridge University Press, 1994.
- Musallam, B. E. "Birth Control and Middle Eastern History: Evidence and Hypotheses. "In Abraham L. Udovitch, The Islamic Middle East 700-1900: Studies in Economic and social History. Princeton, NJ: The Darwin Press, 1981, p. 419-470.
ـ إمام، زكريا بشير، طريق التطور الاجتماعي الاسلامي، جدة، دار الشروق، ١٩٧٧م.
ـ النجار، زغلول رجب، قضية التخلف العلمي والتقني في العالم الاسلامي، قطر، رئاسة المحاكم الشرعية والشؤون الدينية، ١٤٠٩ هـ / ١٩٧٧م .
ـ السامرائي، نعمان عبدالرزاق، تفسير التاريخ، الرياض، مكتبة المعارف، ١٩٩٤م.

دووپاتدەکەنەوە، کە بوونە هـۆی دارِمـانی موسـڵمانان، بـە تایبـەتیش دوای سـەدەی دوازدەیـەم. هەنـدێ لـەو هۆکارانـەش لـە بێرەوشـتی و ونبوونی دینامیکی لە ئیسلامدا خـۆی دەبینێتـەوە، دوای سـەرهەڵدانی دۆگماتیکییەت و بە بەردبوون (تحجـر)، تێکـچوونی چـالاکییە فیکـری و زانسـتییەکان، شۆرِشـە ناوخۆییـەکان و پـەرت پـەرتبوون، سـەرەرِای دەستتێوەردانی دەرەکی بە بەردەوامی و جەنگەکانیش کە ئابووریيـان رِووخان و لاوازيان کرد، چەندان حاڵەتی نـەبوونی هاوسـەنگيی دارايـی، نـەبوونی ئـەمن و ئاسایـشی کەسـەکان و موڵکـەکانیش، دابـەزینی وەبەرهێنان و گەشەپێدان، و دابەزینی ئاستی کشتوکاڵ و پیـشەییەکان و بازرگانی و، یاخود نەبوونی کان و کانزای گرانبەها و پاککردنەوەیان، کارەساتە سروشتییەکانی وەك تاعوون و برسیەتی، ئەمانە بوونە هـۆی

-Kuran, Timur. "Islam and Underdevelopment: An Old Puzzle Revisited. " Journal of Institutional and Theoretical Economics, March, 1997

-Kuran, Timur. "Why the Middle East is Economically Underdeveloped: Historical Mechanisms of Institutional Stagnation. "The Journal of Economic Perspectives, 18: 3, summer, 2004, p. 71-90

ـ أبو سليمان، عبد الحميد، أزمة العقل المسلم، فرجينيا، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، ١٩٩١م.

ـ أبو سليمان، عبد الحميد، أزمة الإرادة والوجدان المسلم: البعد الغائب في مشروع إصلاح الأمة، دمشق، دار الفكر، ٢٠٠٥م.

Lewis, Bernard. "Ottoman Observers of Ottoman Decline. " Islamic - Studies, I, 1962, p. 71-87

. لويس لەم کتێبەيدا بيروڕاکانی لونفی پاشا و حاجی خەليفەو، حوسەين حەزەرفين و سـاری محەمـەد و محەمەد پاشا، سەبارەت ڕووخانی عوسمانییەکان دەخاتە ڕوو.

کەمبوونـەوەی تێکـڕای ژمـارەی دانیـشتووانی جیهـان و کەمبوونـەوەی داخوازی، ئەمەش لاوازیی ئابووریی لێکەوتەوە.

نابێت نکوڵی لـە کاریگەرییـە نەرێنییـەکانیش لەسـەر ئـەم هۆکارانـە بکەین: لەوانەیە کۆمەڵگایەکی زیندوو و کاریگەر بتوانێت ئـەم هۆکارانـە تاوتوێ بکات و بە ئازادی شیکردنەوەیان بۆ بکات، تـەنیا بـە داهێنـانی ستراتیژییەتێکی کاریگەرەوە نەوەستێتەوە، بەڵکو جێبەجێشی بکـات، بۆ بەدوورگرتنی لە هەر کاردانەوەیەکی نەرێنی بە لای کەمەوە ئەگەر بۆ ماوەیـەکی کـورتیش نـەبێت، بـۆ مەودایـەکی درێژخایـەن بێـت. ئایـا موسڵمانان بۆ نەیانتوانیوە ئەمـە بکـەن؟ ئایا هـیچ بەربەسـتێك هـەبوو ڕێگرییـان لـێ بکـات کـە بـە دەنگـەوەهاتنێکی ڕاسـت و دروسـتیان بـۆ بەرپەچدانەوەی ڕووبەڕووبوونـەوە نـاوخۆیی و دەرەکییـەکان هـەبێت؟ گرنگ ئەوەیە لێرەدا ئەم هۆکارانە هەموو کۆبکەینەوە، بـەو پێیـەی کـە زنجیرەیـــەك هۆکـــاری ڕاســـت و دروســـتی بەیەکـــەوە گرێـــدراون، لـــە فەلسەفەیەکی پێشکەوتوودا بیانهۆنینـەوە، بـۆ ئـەوەی دەرکـەوێت کـە زۆربەی هەرە زۆری لە هۆیەکی بنەڕەتییـەوە سـەری هەڵـداوە، وای لـە کۆمەڵگا کردووە نەتوانێت داڕمان بوەستێنێت، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو هۆیە ببێتەوە کە حاڵەتی داڕمانی هێناوەتە کایەوە.

گومـانی تێـدا نییـە لـە میانـەی سـەدەکانی ڕابـوردوودا هـەوڵی هەمەچەشنە بۆ ڕاگرتنی ئەم داڕمانە دراوە، چونکە داڕمانی موسڵمانان دیاردەیـەك نـەبووە لەسـەر هێڵێکـی ڕاسـت بـڕوات، چـەندان حاڵـەتی

بەرزبوونەوە و نزمبوونـەوە ڕووی داوە. لەبـەر ئـەوەی هـۆی سـەرەکی هــەروەك خــۆی ماوەتــەوە و کاردانــەوەی پاشەکــشێش بــەردەوامیی هەبووە، ڕێڕەوی داڕمـانیش لـە زیادبوونـدا بـووە، تـاوەکو لـە سـەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، گەیشتە نزمترین ئاست.

مەبەست لەم توێژینەوەیە، ڕوونکردنەوی هۆکارێك نییە لە کرداری مێژوویی داڕماندا، کە کاریگەریی خۆی نەبووە، یاخود لەوانەیـە داڕمـان ڕووی نەدابێت. هیچ کۆمەڵگایەك نییە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بـەخۆوە بینیبێت لە ماوەی (١٤٠٠) ساڵدا، ناشێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کـە جیهانی ئیسلامی لەم یاسـایەدا دەگەمـەن و دانقسە بێـت، بۆیـە کـاری بنەڕەتی لێرەدا ئەوەیە کـار بـۆ ئاینـدە بکرێـت نـەك لەسـەر ڕابـوردوو، لەگەڵ ئـەوەی ئاینـدە پەیوەندییـەکی پتـەوی بـە ڕابـوردووەوە هەیـە، ئەگەر بە وردی هەموو چـەمکەکانی لـێکترازان دیـاری نەکـەین و ڕوونـی نەکەینەوە چۆن دەیانکەینەوە، چۆنیەتی گـەورەبوونی قەوارەکـەی لـە میانەی یەکانگیرییەوە لە ماوەی چەندان ساڵدا ڕوونبکەینەوە، نـاتوانین پێشنیاری ستراتیژییەتێکی کاریگەر بـۆ پێـشکەوتنێکی خێـرای وڵاتـانی ئیسلامی لە ئایندەدا بکەین.

یەکەم: هەندێ کاریگەریی یەکلاکەرەوە بۆ سەرکەوتن یان کەوتنی کۆمەڵگایەک

پەیوەستبوون بە ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەتەوە

ئەم ناونیشانە وامان لێدەکات بۆ هەندێ هۆکاری یەکلاکەرەوەی بەرپرس لە سەرکەوتن یاخود کەوتنی کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکان بگەڕێین، ئەوەی زانراوە لەم حاڵەتەدا، ئەوەیە ڕاستەوخۆ ڕوو بکرێتە قورئان و سوننەت و داوای ڕێنمایی بکرێت. لە قورئاندا گرنگترین هۆکار بۆ سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگایەک یاخود کەوتنی، خودی مرۆڤ خۆیەتی. قورئان ئەمەی ڕوونکردوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّـهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ الرعد / ١١ [1]، و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ﴾ الروم / ٤١. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤەکان خۆیان پاشەڕۆژی خۆیان دیاری دەکەن، خۆیشیان مەبەست نین لە پێشکەوتندا، بەڵکو هۆکارن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. هەروەها ڕوونیدەکاتەوە: ﴿وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى﴾ النجم / ٣٩. بۆیە دەتوانین ڕاڤەیەکی لۆژیکییانە بۆ ڕابوون و کەوتنیان بکەین، لە میانەی شیکاریی خواست و هەوڵ و

---

[1]) هەروەها بڕوانە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ﴾ الانفال / ٣٣.

ڕەوشــت و تواناکانیانــەوە. تــوینبی (Toynbee) دەربــارەی هــەمان بــیروڕا دەڵێــت: "شارســتانییەتەکان بــە خۆکــوژی دەمــرن، نــەك بــە کوشتن".[1]

ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لـە بۆشـاییدا نییـە، بـەڵکو هەنـدێ هۆکار هەن کاریگەرییان لەسەریان هەیە و هەڵسوکەوتەکانیان ئاراسـتە دەکەن، گرنگترینیان ئەو پاڵنەرەیە کە دەیانجولێنێت، بۆیە پێوسـتیان بــە پاڵنــەرێکی ڕاســت و دروســت هەیــە، پاڵنــەرێك بێــت کــە چــی لــە توانایاندابێت هەوڵی بۆ بـدەن، نـەك تـەنیا بـۆ باشـکردنی گوزەرانیـان، بەڵکو بۆ فراوانکردنێك لـە سـنووری گەشـەپێدانی کۆمەڵگاکـەی خۆیـان دەربچێت. بێگومان پاڵنەرەکەش ژمارەیەك هۆکار کاریگـەریی لەسـەری دەبێت، گرینگترینیان لەو ئاستەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە هەوڵـەکانیان چـەندە بـۆ چـاککردنی بـار و گوزەرانیانـە، پاشـان یـەکێك لـە مەرجـە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدانێکی هەمیشەیی، بریتییە لـەوەی بـەروبوومی گەشەکردنەکە بە دادپـەروەری بەسـەر هـەموو ئەنـدامانی کۆمەڵگاکـەدا دابەش بکرێت. بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەنگ و ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایـە و سامان و ئایین.

---

1. Toynbee, Arnold J. A study of History, abridgement by D. C Somervell, London: Oxford University Press, 1957, Volume 24, p. 120.

بەدەستهێنانی ئەم مەرجەش پەیوەستە بە گەشەپێدانەوە، لێرەوە ڕۆڵی تێڕوانینی کۆمەڵگا و پێکهاتەکەی و دامەزراوەکانی دێتە ئاراوە. گەر هاتوو تێڕوانینی کۆمەڵگا و پێکهاتەکەی و دامەزراوەکانی، دادپەروەری و یەکسانیی لە ئابووری و یاسای دەسەڵاتیشدا بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگا دابین کرد، هەروەها توانی هەموو پێویستییە ماددی و ناماددییەکانی[1] بۆ دابین بکات، ئەو کاتە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و گەشەیەکی هەمیشەیی بەدی دەهێنێت. ئەگەر ئەم دەستەکەوتانەی گەشەپێدانەکە بەدی هێنران و لە کێشمەکێش و جەنگ و زیادەڕۆیدا بە فیڕۆ نەدران، هەروەها بەکارهێنرا بۆ لایەنە ڕەوشتی و جەستەیی و فیکرییەکان و پتەوکردنی ژێرخانی زانستی و تەکنیکی، زیادکردنی پاشەکەوتەکانیان لە پێناو وەبەرهێناندا دوای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان، هەروەها پێشخستنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دادوەری، و سیاسییەکان، ئەو کات گەشەپێدانێکی گەورە و خۆشگوزەرانییەکی زیاتر بەدیدێت بۆ خەڵکی. ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ ئیشکردنی دڵسۆزانە و کاریگەرتر، دەبێتە پاڵنەرێك

---

[1]) پێویستییە نامادییەکان بریتین لە: خواردەمەنیی گونجاو، جلوبەرگ، فێرکردن، نیشتەجێ، چاودێریی کۆمەڵایەتی، هۆکاری پێویستییەکانی ژیان، گواستنەوە، پێویستییە نامادییەکانی تریش بریتین لە: دادپەروەری، ئازادی، ئاسایش، موڵکدارییەتی، شەرەف، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، خێزان، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕزگاربوون لە تاوان و دڵەڕاوکێ و نائارامی و نەبوونی پێوانە بۆ ڕەفتارەکان.

بۆ گەشەپێدانی زیاتر، بۆیە پێویستە دادپەروەری بنەمای سەرەکی بێت بۆ شیکردنەوەی هۆکارەکانی گەشەکردن و وەبەرهێنان.

لە کاتێکدا دەبینین ئیسلام جەخت لەسەر ڕۆڵی خودی مرۆڤەکان خۆیان دەکاتەوە لەپێناو بەدیهێنانی گەشەپێدانیان، لە هەمان کاتدا دووبارە جەخت لەسەر دادپەروەری دەکاتەوە.[1] ئەگەر دادپەروەری نەبوو، مەحاڵە گەشەپێدان ببێت.[2] بەڵام ستەم ترسناکترین ژەهرە کە گەشەپێدان لەناو دەبات، چونکە کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکە، سەرەڕای کاریگەری لەسەر ژینگەی کۆمەڵایەتی

---

[1]. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾ الحديد/٢٥. هەروەها دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ المائدة / ٨. هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾ النساء/٥٨. هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَلِذَلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنْتُ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ مِنْ كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ﴾ الشورى/١٥. هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل / ٩. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ الأنعام/ ١١٥.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَعَنَتِ الْوُجُوهُ لِلْحَيِّ الْقَيُّومِ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا﴾ طه/١١١.

ـ ئابووری و سیاسییەکە، لە میانـەی کردارێکـی گرێـدراو کـە زەحمەتـە ئەنجامە نەخوازراوەکەی بە شێوەیەکی ورد بزانرێت.

هەر وڵاتێك توانی لەگەڵ بوونی ستەمدا گەشەپێدان بەدی بهێنێت، ئەو گەشەپێدانە درێژە ناخایەنێت بـۆ ماوەیـەکی دوور و درێـژ، چـونکە ناڕەزایی و ناکۆکی و دابەشبوون زیاد دەکات و لە کۆتاییدا هـەر بـەرەو داڕمان دەچێت.

دادپــەروەری وا پێویــست دەکــات هەنــدێ بــەهای کۆمەڵایــەتی بــە ڕێککەوتن لەسەریان، بوونی هەبێت، هەروەها هەبوونی دامەزراوە یاخود ڕێنمـایی هەڵسوکەوت کـە هـەمووان لـە ویـژدانی خۆیانـەوە پابەنـد بـن پێوەیانــەوە. لــەو بەهایانــەش: پیرۆزیــی ژیــان، موڵکــداری، شــەرەف، ڕاستگۆیی، ئەمانەت، ڕاستی، ویژدان، حەز بۆ فێربوون، کاری ڕێکوپێك، یارمەتیدانی ئەوانەی پێویستیان بە یارمەتییـە، دڵـسۆزی لـە فەرمانـدا. هەبوونی ئەم خەسڵەتانە لە مرۆڤدا وەفا و ڕاستگۆیی پتەوتر دەکات لـە گرێبەست و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئابووری و سیاسی، بەم شـێوەیە هاوسـەنگیی کۆمەڵایـەتی تونـدوتۆڵتر دەبێـت.[1] هـیچ کۆمەڵگایـەکیش

---

[1]. هەموو ئـەم سـیفەتانە ئێستا بەشـێوەیەکی گشتی قبـوڵکراوە لەبـەر ئـەوەی پێویـستە بـۆ گەشەکردن، بۆ نموونە بڕوانە:

-Myrdal, Gunner. Asian Drama. New York: The Twentieth Century Fund, 1968, Volume 1, p. 57-69 .

ناتوانێت پێشبکەوێت و پاریزگاری لە پێشکەوتنەکەی بکات، ئەگەر ڕەوشتی تاکەکانی نزم و متمانەی کۆمەڵایەتییان لاواز بێت.[1]

ئەگەر پێشکەوتنی خوو و ڕەوشت تەواوکەری گەشەپێدانی ئابووری نەبوو، مەحاڵە ڕووبەری زانست و بنەمای تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگا فراوان بکرێت، پاشەکەوت و وەبەرهێنان زیاد بکرێت، ڕەوڕەوەی گەشەپێدانیش خێرا بکرێت. پاشان دەبێتە هۆی نەمانی گەشەپێدان، بەو هۆیەشەوە بەفیڕۆچوونی هەوڵی کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی دادپەروەری و خۆشگوزەرانی. ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر پەرۆشی بۆ کاری ڕێکوپێك و بەسوود، پاشان زیان بە پێشکەوتنەکەش دەگەیەنێت.

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی خوو و ڕەوشت و جەستەیی و فیکری تاکەکان، پەروەردەیەکی دروستی مندالانە. بۆیە ئیسلام ـ هەروەك ئایینە سەرەکییەکانی تر ـ جەخت

---

[1]. قورئان دووپاتیدەکاتەوە: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّى) الأعلى/١٤، هەروەها بڕوانە هەردوو ئایەتی ٩ و١٠ لە سورەتی (الشمس). چونکە ڕاستی تاکەکان لە خواپەرستیدا سەرمایەی کۆمەڵایەتی پتەوتر دەکات، کە ئێستا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت بۆ گەشەکردن، بۆ نموونە بڕوانە:

- Dasgupta, partha, and Ismail Serageldin. Social Capital: A Multifaceted Perspective. Washington, D. C: The Worl Bank, 2000.
- Zaheer, A. , B. Mc Evily and V Perrone. " Does Trust Matter: Exploring The Effects Of Inter - Organizational and Impersonal Trsur on Performance. " Organization Science 1998, p. 141-159.
- Bowles, Samuel, and Herbert Gintis. " Social Capital and Community Governance. " The Economic Journal, November, 2002, F419-F436.

لەسەر گرنگیدانی تەواو بە خێزان دەکاتەوە. ئەگەر خێزان سەرنەکەوێت، ئەو کات زەحمەتە بتوانرێت ڕووبەڕووی شکستەکە بوەسترێتەوە، خێزانەکانیش ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگەر دایك و باوکەکان ـ بە پلەی یەکەم ـ ئەو سیفاتە ڕەوشتییە بەرزانەیان تێدا نەبێت کە بیگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان، هەروەها ئەگەر لەناو خێزاندا ـ بە پلەی دووەم ـ ژینگەیەکی خۆشەویستی و سۆز و هەست بەلێپرسینەوە و ڕێز، لەناو یەکدا نەبێت. ژن و پیاو تەنیا پێویست نییە ڕێز لە یەکتر بگرن، بەڵکو پێوستە لە نێوانیاندا وەفا هەبێت بۆ ئەو ئەرکانەی کەوتووەتە سەرشانی هەردووکیان، گەر یەکێکیان خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەوی تریاندا و خۆی لە ئەرکەکانی بدزێتەوە، دوور نییە ئەم حاڵەتە ببێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی نادروست و کێشمەکێش، گەر زوو چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی جیابوونەوە و تێکچوونی خێزانەکە، ئەوەش کاریگەرییەکی زیانبەخش لەسەر گەشەی ڕەوشتی و دەروونی و فیکریی منداڵەکان دروست دەکات.

منداڵان (کوڕان و کچان) سەرەڕای پەروەردەیەکی تەندروست، پێویستیان بە فێربوون هەیە، بۆ ئەوەی پسپۆڕیی پێویست فێر ببن، بتوانن زانست و مەعریفە و بنەمای تەکنۆلۆژیای کۆمەڵگاکە بەرەو پێشەوە ببەن. بۆ ئەمەش لەگەڵ بوونی قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکاندا، پێویست دەکات هەموو پێداویستییەکیان بۆ دابین بکرێت، مامۆستای

بەتوانا و لێهاتوویان بۆ ئامادە بکرێت، لەگەڵ کارئاسنی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە. ئەگەر ئەم بابەتانە ئامادەنە کران، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی شکستی کۆمەڵگاکە. گەر هاتوو نەوەکانی داهاتوو ئاستیان لە ئاستی نەوەکانی پێشوو نزمتر بوو، بنەمایەکی مەعریفی و تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتوویان لەبەردەستدا نەبوو، ئەو کاتە کۆمەڵگا خۆی فەرمان بەسەر خۆیدا دەدات کە بەرەو هەڵدێر بچێت، کەواتە چارە نییە بێجگە لەوەی فێربوونی باش و توێژینەوە و پێشکەوتنی ئەکنۆلۆژیا بە گرنگترین هۆکاری یەکلاکەرەوە بەرەو پێشکەوتن دابنرێت.

هەروەها لێرەدا بوونی ئازادیی بیرورا دەربڕین و بەرهەمهێنانی پرۆژەکان، گرنگە. بە بێ ئەم بابەتانە، گیانی دەستپێشخەری و هەڵمەتبردن بۆ خەڵکی دەستەبەر ناکرێت کە هۆکارن بۆ داهێنان و فراوانکردنی سنووری ناسینی کۆمەڵگاکەیان و تەکنۆلۆژیاکەی. یەکێك لە ئەرکەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بوو لە کۆت و بەند، کە پێوەی بەسترابوونەوە[1]، ئیتر کۆت و بەندەکە لە هەر شێوەیەکدا بێت، جەستەیی بێت یاخود فیکری، ڕێگر دەبێت لەبەردەم پێشکەوتندا، پێویستە خەڵکی مافی ئازادیی بیروڕا و

1. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الْأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِنْدَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالْأَغْلَالَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنْزِلَ مَعَهُ أُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ الاعراف /١٥٧.

کارکردنیـــان هـــەبێت، بـــە مـــەرجێك ســـنووری بـــەها ڕەوشـــتییەکان نەبـەزێنێت. گـرنگ لێـرەدا دوورکەوتنەوەیـە بـەپێی توانـا لـە هـەموو ڕووبەڕووبوونەوە و نـاکۆکی و جـەنگێك، چـونکە هـەر بـە تـەنیا نابێتـە هۆکـاری نـەمانی ئاسـایش و دڵـەڕاوکێ، بـەڵکو دەبێتـە گـۆڕانی هـەموو چـالاکییەکان دوور لـە بنیاتنانـەوەی نەتـەوە و پاشـانیش شکسـت بـە مەبەستەکانی شەریعەتیش دەهێنێت.

هیچ کۆمەڵگایەك نییە تـەنیا لەسـەر بنـەمای مەعریفـەی تـەکنۆلۆژیا بـڕوای بـە پێـشکەوتنی تـەواو هـەبێت، بـەڵکو پێویـستە سـوود لـەو پێشکەوتنانەی لە شوێنەکانی تر ڕوویانداوە، وەربگرێت. بەڵام ئەمـەش بـەدی نایـەت ئەگـەر گرێوگـۆڵ و لووتبـەرزیی سـەرکەوتن لـە مێـشکدا هـەبێت، هـەروەها گیـانی لێبـووردن لـە ئاسـت بۆچـوونە جیاوازەکانـدا نەبێت، هاندەر بۆ پرۆژە و داهێنانەکان نـەبێت، ئـیرادە نـەبێت بـۆ خـۆ ڕزگـار کـرد لـە خاڵـە لاوازەکـان، لـە ڕێگـەی شـیکردنەوەی هۆیـەکان و پـشتبەستن بـە ڕێگاچـارە سـەرەکییەکان، پێویـستە ئامـادەیی ئـەوە هەبێت بیروبۆچوونی بەسوود لـە ڕۆشـنبیری و شارسـتانیەتەکانی دیکـە وەربگیرێت. پێویستە لە هەر سەرچاوەیەکەوە بێت، مەعریفەی بەسوود و تەکنۆلۆژیا وەربگیرێت، بتوانرێت لەگەڵ بارودۆخ و مەبەست و ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵگا بگونجێنرێت. بۆیـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) موسڵمانان هان دەدات و دەفەرموێت: "اطلبـوا العلـم ولـو بالـصين فـإن

طلب العلم فريضة على كل مسلم"[1]، چونكه "الحكمة ضالة المؤمن فحيث وجدها فهو أحق بها"[2]، بەبێ بوونی ئەم بیروڕایە لە وەرگرتنی زانستدا، لەوانەیە کۆمەڵگا نەتوانێت ئەو هێزە پاڵنەرە کە پێویستی پێیەتی دروست بکات.

هەندێ جار لەوانەیە بەهایەك بۆ بەهاكان و دامەزراوەکان، لای کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگاکان نەبێت کە شایانی باسکردن بێت، گەر هاتوو بە شێوەیەکی کاریگەر و بێ جیاوازی و بەبێ ڕەچاوکردنی پلە و

---

1. فەرموودەیەکی لاوازە، ماناکەشی تەواوە: زانست لە هەموو شوێنێك وەردەگیرێت، گەشتکردنیش بۆ وەرگرتنی زانست گەشتێکی پیرۆزە. ئەلعەجلونی لە (کشف الخفاء)دا باسی دەکات. بڕوانە: العجلوني اسماعيل بن محمد، كشف الخفاء ومزيل الإلباس عما اشتهر من احاديث على ألسنة الناس، بيروت، دار احياء التراث العربي، ط٣، ١٣٥١ هـ، بەش ٢، ل٤٤، فەرموودەی ژمارە ١٦٦٥.

2. ترمذی، و ئیبن ماجە ڕیوایەتیان کردووە و فەرموودەیەکی لاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە نموونە دەهێنرێتەوە، چونکە لەگەڵ گیانی ئیسلامەتیدا دەگونجێت. ماناکەشی ئەوەیە زانست تایبەت نییە بە کەسێکەوە، بەڵکو موڵکێکی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتییە، پێویستە موسڵمانان بە ئازادی بە نموونە بیهێننەوە، بە بێ گوێدانە ئەو شوێنەی نموونەکەی بۆ دەهێننەوە. بڕوانە:

ـ الترمذي، محمد بن عيسى السلمي. الجامع الصحيح "سنن الترمذي"، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د. ت)، بەش ٥، ل٥٥، فەرموودەی ژمارە ٢٦٨٧.

ـ القزويني، محمد بن يزيد، سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت: دار الفكر، (د. ت)، (د. ط)، بەش ٢، ل١٣٩٥، فەرموودەی ژمارە ٤١٦٩.

سـامانەكانیان، بەسـەر هەمووانـدا جێبـەجێ كـرا. دوو هۆكـار هـەن یارمەتییەكی زۆری ئەم جێبەجێكردنە دەدەن:

– بـاوەڕبوونی تـەواوی خـەڵك بـە پاراسـتنی بـەهاكانیان و تێڕوانینیـان بـۆ پێكهاتـەكان، ئامادەییـان تێـدا بێـت و ئارەزوومەندانـە پەیوەست بن پێوەیەوە، ئەمەش - زۆرجار - وا ڕوودەدات ئەگەر هـاتوو بەهاكان و تێڕوانینیان بۆ پێكهاتـەكان سەرچـاوەیەكی خواوەنـدی بـن، ئەمە یامەتیدەر بێت بۆیان بۆ دۆزینـەوەی پاڵنـەرێكی نـاوخۆیی بـەپێی ئەو بەهایانە بژین، لەوانەیە ئەمەش پێویستی بە قوربـانی بەرژەندییـە تایبەتییـەكان هـەبێت. مەحاڵیـشە ئـەم تێڕوانینـە بوونەوەرییانـە و سیـستمە بـەهاكان كـە دروسـتكراوی مرۆڤـە پـشتگیرییەكی تونـدی لـێ بكرێت.

– ڕۆڵـی كاریگـەری حكومـەت لـە جێبـەجێكردنی ئـەم بەهایانـەدا، بەسەر هەمووواندا بە بێ جیاوازی، بـە مـەرجێك كـەس لـە پابەنـد بـوون پێیەوە دەرباز نەبێت. عومەری كوڕی خەتاب دركی بە ڕۆڵـی حكومـەت كردبوو، بۆیە وتویەتی "ان الله یزع بالسلطان أكثر مـن القـرآن"[(١)]، واتـە خوای گەورە ئەوەی بە دەستەڵات جێبەجێی دەكات زیاترە لـەوەی بـە قورئان جێبەجێی دەكات.

---

[1] . الخطیب البغدادي، أحمد بن علي، تأریخ بغداد، بیروت، دار الكتب العلمیـة، (د. ت)، (د. ط)، بەش ٤، ل١٠٧.

بۆیە قورئان بەهاکان دادەنێت، بەڵام بە زۆرەملێ خەڵك پابەند ناکات کاری پێ بکەن، بۆیە دەوڵەت ئەرکی بەرپرسیارێتیی ڕەوشتی و یاسایی هەڵدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و دادپەروەری. سەرەڕای ئەمانەش پێویستە لەسەر حکومەت بناغەیەکی سەرەکی و ئەو دەزگا تایبەتانە دابین بکات کە خەڵکی پێویستیان پێیەتی بۆ جێبەجێکردنی کار و فەرمانەکانیان بەشێوەیکی زۆر کاریگەر، ئەو شتەیە کە ئەم ڕۆژانە داوای دەکرێت و دەوترێت "دەستەڵاتی کارامە"، یاخود "فەرمانڕەوایی لێهاتوو"، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) جەختی لەسەر کردووەتەوە و دەفەرموێت: "ما من عبد یسترعیه الله رعیة فلم یحطها بنصحه إلا لم یجد رائحة الجنة".[1]

بۆیە "دەستەڵاتی کارامە" پێویستییەکی هەمیشەییە بۆ گەشەپێدانێکی بەردەوام، بەڵام "دەستەڵاتی گەندەڵ" شیاو و لێهاتوو نییە، لەوانەیە ئەو کارە باشانەش ئەنجانم دراون، لەناو ببات و ببێتە ڕێگرێك لەبەردەم گەشەپێداندا.

گریمانەی بوونی دەستەڵاتی کارامە زیاتر دەبێت، ئەگەر کەسانی شەرافەتمەند و بە توانا پۆستە باڵاکان وەربگرن، لەگەڵ هەبوونی چاودێری بەسەریانەوە و بە یەکسانی تەماشاکردنیان، لەگەڵ ئەوەشدا

---

[1] . البخاري، محمد بن اسماعیل. صحیح البخاري، تحقیق: مصطفی دیب البغا، دار ابن کثیر والیمامة، ط٣، ١٤٠٧ هـ / ١٩٨٧ م، بەش٦، ل٢٦١٣، فەرموودەی ژمارە ٦٧٣١.

لەوانەیە ئەمە لە هەندێ حاڵەتدا لە سایەی دەسـتەڵاتێکی دیکتاتۆریـدا بگونجێت، بەڵام گریمانەی زیـاتر – وەك بووەتـە عـادەت – لـە سـایەی دەستەڵاتی دیموکراتیدا و پەرلەمانی هەبێت کە نوێنەری گەلـە، ئـەرکی لێپرسینەوە لـە گشت بەرپرسـانی حکومـەت دەگرێتـە ئەسـتۆ، لەگـەڵ سسیتمێکی دروستی دادوەری و ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاددا. هەبوونی ئەم هەموو شتانە، وا لە کۆمەڵگا دەکات هەموو داهاتـەکانی بـە شـێوەیەکی کاریگـــەر لـــە پێنـــاو پێـــشکەوتنێکی هەمەلایەنـــە، بـــەکاربهێنێت. پێـشکەوتنیش ـ لـە ڕێـی خۆیـەوە ـ داهـاتی پێویـست بـۆ حکومـەت وەدەســت دەهێنێــت لــە پێنــاو بــەرگری لــە وڵات، دژی مەترســییە دەرەکییەکان و بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان، دەستەبەرکردنی دادوەری و دابینکردنی بنـەما سـەرەکییەکانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی گەشەپێدانێکی بەردەوام.

دووەم: پێویستی بە نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ گەشە پێدان و داڕمان

لەوەی پێشەوە باسمان کرد، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕابوونی کۆمەڵگایەك یان داڕمانی، بەستراوەتەوە بە مرۆڤەکانیەوە، چونکە ئەوانیش ـ لە لای خۆیانەوە ـ دەکەونە ژێر کاریگەریی چەند هۆکارێك کە بەستراونەتەوە بەیەکەوە و کاریگەرییان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر یەك هەیە و بە زەحمەت پێشبینی وردەکارییەکانی دەکرێت. دەتوانین ژمارەیەك هۆکاری دیکە بخەینە سەر ئەو کاریگەرییانەی پێشتر باسمان کرد، ئەگەر هاتوو لیستێکی گشتگیریش ئامادە بکرێت، بیردۆزێکی ـ چاوەڕوانکراو ـ ی لێ دەرناچێت کە ڕابوون یان داڕمانی کۆمەڵگا بەرهەم بهێنێت. لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەو کاریگەرییانە ڕوونبکرێنەوە کە هەستانەوە و میکانیزمی دەستپێکردن بۆ کاریگەرییەکانی تر، ئەنجام دەدەنەوە، کە بتوانێت لە ڕابوونی کۆمەڵگایەك بەشداری بکات، گەر ئەمە نەکرێت، تا ڕادەیەك دەچێتە خەوێکی قووڵەوە. لە لایەکی ترەوە، ئەو شتە چییە داڕمان و چۆنیەتی گۆڕان لەم کاریگەرییەوە بۆ کاریگەرییەکانی دی، دروست دەکات، بە جۆرێك کە ببێتە هۆی داڕمانی گشتیی کۆمەڵگایەك کە پێشتر ئاستێکی بالآی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە؟ ئەمە ئەو شتەیە کە لەو بیردۆزە چاوەڕوان دەکرێت، ئەو بیردۆزەشی ئەم کارە بە ئەنجام دەگەیەنێت، یارمەتیدەرمان دەبێت لەو

ئەرکەی کە بەستراوەتەوە بە ڕاڤەکردنی ڕابوونی کۆمەڵگای ئیسلامی و دارمانی.

لەبەر ئەوەی زۆرێك لە زانایانی وەکو ئیبن خەلدون (٨٠٨هـ / ١٤٠٦ز) و گیبون (Gibbon) (1208هـ / ١٧٩٤ز) لە ڕابوردوودا، شپینگلەر (Spengler) و شوتیزەر (Schweitzer) و سۆرۆکی (Sorokin) و تۆینبی (Toynbee) و نۆرس (North) و تۆماس (Yhomas) و کنیدی (Kennedy).[1] ژمارەیەکی تریشیان لەم سەردەمەدا، گفتوگۆی بەرزبوونەوەی شارستانییەت و دارمانیان کرد، بێگومان بنیاتی نموونەیەکی نوێ، شیاو نابێت، ئەگەر ئەو نموونانەی کە دانراون، پەسەند نەبوون. ڕاستیش نییە ئەگەر بڵێین هیچ کام لەم بیروڕایانە، بیروڕایەکی بە بەهای تێدا نییە، هەمووی بەم جۆرەیە و بە شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئێمە کام نموونەیان هەڵبژێرین؟

---

1. بڕوانە: - Spengler, Oswald. Decline Of the West. New york: Alfred A. Knopf 1947
-Schweitzer, Alfred. The Phisolophy Of Civilization. New York: Macmillan, 1949. -Sorokin, Pitirim. Social Philosophies of Age of Crisis. Boston: Beacon, 1951
- Toynbee, Arnold J. A Study Of History, abridgement by D. C. Somervell, London: Oxford University Press, 1957.
- North, Douglass C. And Robert Paul Thomas. The Rise of the Western World: A New Economic History. Cambridge: Cambridge University Press, 1973.
- Kennedy, Paul. The Rise and fall Of the Great Powers: Economic Change and Military Conflict from 1500-2000. New York: Random Hause, 1987.

نموونـەی ئـیبن خەلـدون بـۆ لایەنـەکانی کۆمەڵایـەتی - ئـابووری و سیاسی، کە لە کتێبی (المقدمة)یدا روونیکردوەتەوە، لە بەشی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکەین. زۆرینـەی کاریگەرییـە گـەورەکان کـە لـە پێشەوە باسمان کـرد، لـەژێر ڕۆشـنایی قورئـان و سـوننەتدا بـە هەنـد وەرناگرێت، ئەو کاریگەرییە ڕووندەکاتەوە کـە بـووە هۆکـاری ڕابـوونی کۆمەڵگای ئیسلامی بە خێرایی لە سەرەتایەکی ئاسـایی و لەژینگەیـەکی کۆچەریی عەربیدا، هـەر ئـەو کاریگەرییـەش لـە دواییـدا بـووە هۆکـاری داڕمانی.[١]

(المقدمة) بەرگی یەکەمی کتێبی مێژووی ئیبن خەلدونە، کە لە حەوت بەرگ پێکهاتووە، بە کورتی بە (کتاب العبر) ئامـاژەی پـێ دەدرێـت.[٢] دوا بەرگیشی لەم حەوت بەرگـە، بریتییـە لـە ژیاننامـەی ئـیبن خەلـدون

---

[1]. ئێستا چەندین چاپی (المقدمە) بە زمانی عەرەبی هەیە، لەلایـەن فرانـز ڕوزنتـال (Franz Rosenthal)ەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لە سێ بەرگدا، چاپی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ ز، چاپی دووەمیشی ساڵی ١٩٦٧ز بلاوکراوەتەوە.

-Ibn Khaldun. The Muqaddimah: an Introduction to History. Translated from Arabic by Franz Rosenthal, London: Routledge and Kegan Paul, 1st ed. , 1958, 2 nd ed. , 1967٠

هـــەروەها چـــارلز عیـــسەوی (Issawi, Charles) هەڵبژاردەیـــەکی لـــە (المقدمـــة) ســـاڵی ١٩٥٠ ز بڵاوکردووەتەوە.

- Issawi, Charles. An Arab Phisolophy of History: Selections From the Prolegomena of Ibn Khaldun of Tunis (1332 -1406). London: John Murray, 1950.

[2]. ناوی تەواوەتی لە (المقدمة)دا (کتاب العبر)ە، دیوان المبتدأ والخبر، و في أيام العـرب والعجـم والبربر، ومن عاصرهم من ذوي السلطان الأكبر.

خۆی تیایدا تێڕوانینێکی وردبینانە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و سیاسی ئەو کاتە دەخاتە ڕوو، کە بووە هۆکارێك بۆ پێشکەوتنی فەلسەفەکەی لە مێژوودا.

ڕاست وتراوە کە دەڵێن "پێویستی دایکی داهێنانە"، ئەمەش بەسەر فەلسەفەکانی مێژوودا، یان ئەو ڕاڤە زیرەکانەی بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکرێت، دەچەسپێت، کە ـ بە شێوەیەکی گشتی ـ لە کاتی سەرەتا و کۆتایی سەرهەڵدانی پێوستییەکانی میللەتاندا سەرهەڵدەدەن.[1] بێگومان ئیبن خەلدونیش هەستی بە هەمان پێوستی کردووە، کاتێ سۆرۆکین (Sorokin) دوای ئەویش توینبی (Toynbee) گەورەترین نووسینیان دەربارەی فەلسەفەکانی مێژوو نووسی.[2] لە سەردەمێکی زۆر سەختدا دەژیا کۆمەڵگای ئیسلامی دووچاری کە پەرتبوون و گەندەڵی بووبوو. خیلافەتی عەباسی لە (٦٥٦ك / ١٢٥٨ز) کۆتایی هاتبوو، نزیکەی سێ چارەکە سەدە پێش لەدایکبوونی (واتە ئیبن خەلدون)، دوای تالانکردنی بەغدا و سووتاندن و وێرانکردنی ـ نزیکەی بەغدا و دەوروبەری ـ بە دەستی مەغۆلەکان، هەروەها چەند کارەساتێکی دی، لەوانە جەنگی خاچپەرستەکان (٤٨٨ ـ٦٩٠ك / ١٠٩٥ ـ ١٢٩١ز)، هێرشەکانی مەغۆل (٦٥٦ـ ٧٥٨ ك / ١٢٥٨ ـ

---

1. Sorokin, pritirim. Social Philosopies of an Age of Crisis. Boston: Beacon, 1951, p. 4
2. Ibid. , p. 5.

١٣٥٥ز)، تاعوون (٧٤٠ك / چلەكانی سەدەی چواردەیەم) كە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە ئیسلامییەكانی لاواز كردبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا مەمالیكە چەركەسییەكان (٧٨٤ ـ ٩٢٢ك / ١٣٨٢ ـ ١٥١٧ز) كە ئیبن خەلدون سێیەكی ژیانی لە سایەی دەستەڵاتی ئەواندا بەسەر برد، گەندەڵ و ناكارا بوون. جۆرە سیاسەتێكیان پەیڕەو دەكرد كە هۆكاربوو بۆ خێراكردنی داڕمان.

بەهۆی ئەم هەموو گۆڕانكارییە نەرێنییانەوە، بارودۆخی موسڵمانان ـ بە شێوەیەكی گشتی ـ زۆر خراپ بوو. بارودۆخی خێزانەكەی ئیبن خەلدونیش بەدەر نەبوو لە بارودۆخی موسڵمانانی دی، لە ڕووی خراپیی ژیان و گوزەرانەوە. بارودۆخەكە ناچاریان كرد لە ئیسپانیاوە كۆچ بۆ تونس بكات، كە پێش چەندساڵێك بوو لە ترۆپكی (سەرلەنوێ فەتحی مەسیحیدا) (The Reconquista). بەم شێوەیە، ئیبن خەلدون لە ساڵی (٧٣٢ك /١٣٣٢ز) لە تونس لەدایك بوو، نەك لە ئیشبیلیە، كە خێزانەكەی ماوەی حەوت سەد ساڵ پێش ئەوەی كۆچ بكەن، نیشتەجێی ئەوێ بوون. هێشتا لە تەمەنی هەرزەییدا بوو، دایكی و باوكی و زۆرێك لە خزمان و دۆستان و مامۆستاكانی بە (تاعوون) ژیانیان لەدەست دا.[1] بەم شێوەیە دووچاری گیروگرفتی زۆر بوو، ڕۆژئاواش

1. ابن خلدون، عبدالرحمن. التعریف بابن خلدون ورحلته غربا وشرقا، تحقیق: محمد تاویت الطنجي، القاهرة، ١٣٧٠هـ /١٩٥١م، ل٣٧.

(باکووری ئەفەریقا تا ڕۆژئاوای میسر) لەگەڵیاندا تونس، لە ئەنجامی ئەو جەنگانەی لە نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەواکاندا ڕووی دەدا، لە حاڵەتی هەڵچوونێکی سیاسیدا بوون، ئەم بارودۆخە تێکچوو و نائارامە، وای لە ئیبن خەلدون کرد لە شوێنێکەوە بڕوات بۆ شوێنێکی تر، لەناویاندا فاس (پایتەختی مەراکیش)، تلمسان (جەزائیر)، ئەندەلووس (ئیسپانیا)، بیجایە یان بوجی (جەزائیر).

لەم بارودۆخەدا شتێکی نامۆیە کەسێك خاوەنی بەها ڕەوشتی و فیکرییەکان بێت، بیر لە ستراتیژییەتێکی کارا نەکاتەوە، بە پێچەوانەی ڕەوڕەوەی ڕەوتی داڕمان.[1] ئیبن خەلدون بەو سیفەتەی زانایەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن توانایەکی فیکریی لە ڕادەبەدەر بوو، بە تەواوەتی دەیزانی[2] کە کرداری پێچەوانەی ڕەوڕەوەی ڕەوتی داڕمان، بەدینایەت، بە بێ وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری لە مێژوو وەرنەگیرێت، و دیاریکردنی ئەو کاریگەرییانەی بوونە هۆی گەشکردنی شارستانییەتی ئیسلامی، کە لە سەرەتایەکی سادەوە لە لانکی کۆمەڵگایەکی کۆچەریی عەرەبییەوە دەستی پێ کرد، پاشانیش چۆن داڕمان ڕووی دا.

---

1. Talbi, M. " Ibn Khaldun. The Encyclopedia of Islam, Leiden: Brill, 1986, Volume 3, p. 808.

2 Toynbee, Arnold J. A Study of History. London: Oxford University Press, 2 nd ed. 1935, vol. 3, p. 321-322.

ئـەو، ئاینـدەی وەك ڕابـوردوو دەبینـی، چـونكە ڕابـوردووش بـە تەواوەتی وەك ئاینده وایه، وەك ئاو بە ئاو دەچێت.[1] بۆیە دەتوانرێت پێشبینیی ئاینده بە شیكاریی ڕابوردوو بكرێت. پاشـان زانـستی مێـژوو نابێت تەنیا خـۆی بـە تۆمـاركردنی ڕووداوەكانـەوە ببەسـتێتەوە. بۆیـە لـەبری ئەوانـە، دیـاردە جۆراوجۆرەكـانی شـیدەكردەوە و چـۆنیەتی سەرهەڵدان و هۆكارەكانی لە مێژووی ئیسلامیدا ڕووندەكردەوە، تاوەكو پێشبینیش بكات لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات.[2]

ئیبن خەلدون لە میانەی جێگۆڕكێكانیدا لەم شوێن بۆ ئەو شوێن، بـۆ فرسەتێك دەگەڕا بە نووسـین بیروبۆچـوونەكانی سـەبارەت بـە زانـستی مێژوو دەربڕێـت، ئـەم فرسـەتەی لـە مانـەوەی بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ (٧٧٦ ـ ٧٨ك / ١٣٧٤ ـ ١٣٧٨ز) لە قەڵای ئیبن سـەلەمە دەسـتكەوت، كە قەڵایەكی دوورەپەرێزە، ئێستا پێی دەوترێت جەزائیر. لەم شوێنەدا ڕەشنووسی یەكەمی (المقدمة)ی لەگەڵ چەند بەشێك لـە كتێبـی (كتـاب العبر)ی تەواو كرد، پاشان ڕۆیشت بەرەو تونس، ماوەی (٧٨٠ ـ ٧٨٤ك/ ١٣٧٨ ـ ١٣٨٢ز) مایـەوە، بـە مەبەسـتی پێداچـوونەوە بـە هەنـدێ سەرچاوەدا لە كتێبخانەكاندا، بۆ تەواوكردنی ئەم كارە مەزنە. دواتر لە

---

[1]. ابـن خلـدون، عبـدالرحمن. المقدمـة، تحقیـق: درویـش الجویـدی، بـیروت، الـدار العـصریة، ط٢،١٤١٦ هـ/ ١٩٩٦م، ل١٧.

[2]. سەرچاوەی پێشوو ل ٩-١٣، و ل١٦- ٣٩، هەروەها بڕوانە:

- Mahdi, Muhsin z Ibn Khaldun's Philosphy of History. Chicago: University of Chicago Press, 1964, p. 31.

ساڵی ١٣٨٢ز بەرەو قاهیرە کۆچی کرد، بە هۆی ئـەو ناوبانگـەی لـەوێ دەریکردبوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و هەر لەوێ پاشمـاوەی ژیـانی پیـشەیی بەسـەر بـرد، تـا لـە سـاڵی (٨٠٨ك / ١٤٠٦ز) لـە تەمـەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەتوانین ژمارەیەك گازاندە دەربارەی نموونەکـەی ئـیبن خەلـدون بوروژێنین. ئەو گازاندانەش بریتین لە:

أــ ئــەوە نموونەیــەکی کۆنــە، بۆچــی مرۆڤــ نموونەیــەکی کــۆن بەکاربهێنێت، ئەگەر هاتوو نموونەیـەکی نـوێی لەبەردەسـتدا بـوو؟ ئـەم گازاندەیە لەوانەیـە شـتێکی گونجـاو بێـت، ئەگـەر نموونەکـە نـەتوانێت یارمــەتیمان بـدات لــەو ئامانجــەمان کــە مەبەسـتی شـیکاریی ڕابـوونی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و داڕمانی بێت. بەڵام لە ڕاستیدا ئـەم نموونەیـە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی هۆکار و ئەنجامەکـەی بـۆ، دۆزینـەوەی ئـەو بیروبۆچــوونانەی لــە پــشت ڕابــوون و ڕووخــانی نــەوە و دەســتەڵاتی فــەرمانڕەوا و ئاوەدانکردنــەوەوەن.(١) ئـەو ئەوەنـدە بـەهێزە، تـاوەکو وامــان لــێ بکـات، بتــوانین وەڵامــی ئــەو پرسـیارانە بدەینــەوە کــە پەیوەندییان بە ڕابوونی جیهانی ئیـسلامییەوە هەیـە و بـەردەوامی ئـەو

[1]. بۆ زانینـی زیـاتر دەربـارەی گفتوگۆی ئـەم نموونەیـە بـە درێـژی، بڕوانـە بەشـی دووەم و هەروەها:

-Chapra, M. Umer The Future of Economics: An Islamic Perspective. Leicester, Uk: The Islamic Faundation, 2000, p. 145-172.

ڕابوونه بۆ چەند سەدەیەك، هۆی داڕمانی بە ڕێژەیـەك ڕۆحـی بزووتنـی نـەمێنێت و نەبێتـە وڵاتێکـی زلهێـز، هـەروەها نـەتوانێت وەڵامـی ئـەو پرسیارە سەرکەوتووانەی ڕووبەڕووبوونەوە بداتەوە. پاشان نموونەکەی لەسـەر بنـەڕەتی تێڕوانینـی جیهـانگیریی ئیـسلامییەوە، هـەموو ئـەو کاریگەرییانە بە هەند وەرناگرێت کە باسمان کرد و بەرپرسن لە ڕابوونی هەر کۆمەڵگایەك یان داڕمانی، بەڵکو ـ لە ڕێگـەی بـەکارهێنانی هۆکـارە بازنەییەکانـەوە ـ کاریگـەریی یـەکێك لـە هۆیـەکانی ڕابـوون و یـاخود داڕمانی ڕووندەکاتەوە، چۆن کاریگـەریی ئـەم هۆیـە دەگوازرێتـەوە بـۆ کاریگەرییەکانی دی. بەو پێیە، لەبری ئەوەی (المقدمة) باسێك بێـت لـە چوارچێوەیەکی عەلمانیدا، دەبێتـە شـوێنێکی ناوەنـدی بـۆ چاکسازیی مرۆیی و کۆمەڵگاکەیان و دامەزراوەکان، کە کاریگەریی لەسەریان هەیە، هـــەروەها پێـــداگری لەســـەر دادوەری و بیمـــەی کۆمەڵایـــەتی و باشـگوزەرانیی ئـابووری لـە پێـشکەوتنی کۆمەڵایـەتیی هەمیـشەیی بـۆ کۆمەڵگا دەکات، ئەو ڕۆڵەی کە بەها ڕەوشتییەکان و جێبـەجێکردنێکی کارا لە لایەن دەستەڵاتەوە، لەم پرۆسـەیەدا دەیگێـڕن. کـارێکی ئاسـان نییە نموونەیەکی دی ئـەم سـیفەتە یەکانگیرییـە گەورەیـەی کـە لەگـەڵ ڕۆحی ئیسلامیدا تێدایە، دەستبکەوێت.

ب ـ گازانـدەی دووەم، خـۆی لـە بـەکارهێنانی نموونەکـەی ئـیبن خەلدونـدا دەبینێتـەوە، کـە گوایـە ئاماژەیەکـە گرنگـی بـە بەرزبوونـەوە و دابەزینی بنەماڵـەی فـەرمانڕەواکان دەدات. ئـەم گازاندەیـە ڕاسـتە ئەگـەر

هاتوو ئامانجە سەرەكییەی ئیبن خەلدون لە نووسینی كتێبەكەیمان لەبیر كرد، چونكە ـ ئەو بەو سیفەتەی پابەندە و نیەتێكی باشی هەیە ـ پێداگری لەسەر مانەوەی دەستەلاتی هیچ نەوەیەكی دەستەلاتداری دیاریكراو نەكردووە، بەڵكو ئەو پێداگریی لەسەر مانەوەی شارستانییەتی ئیسلامی كردووە، لە میانەی پێچەوانەی ڕەوڕەوەی پرۆسەی داڕمان، كە تووشی هاتووە، زۆر گرنگیی نەدەدا بە بنەماڵەی فەرمانڕەوایەكی دیاریكراو، كە بەهۆی گەندەڵی و لاوازیی لایەنەكانی ناوخۆییەوە ڕووخاوە. مەسەلەی ڕووخانی كارێكی چاوەڕوانكراوە، بەڵام هەست بە نیگەرانی دەكات، گەر بنەماڵەی فەرمانڕەواكان بە بەردەوامی یەك لە دوای یەك بڕووخێن، چونكە كاریگەریی نەرێنی لەسەر خودی شارستانییەتی ئیسلامی دەبێت، بۆیە باش وایە سوود لە تێڕوانینە دووربینانەكانی وەربگیرێت و نموونەكەی بكرێتە بنەڕەتی شیكارییەكان.

ج ـ گازاندەی سێیەمیش لەسەر بەكارهێنانی نموونەكەی ئیبن خەلدون هەیە كە دەگەڕێتەوە بۆ (المقدمة) كە ـ وا دەردەكەوێت ـ بیردۆزێكی ژیاریی بۆ پێشكەوتن بەكارهێنابێت، كە "پیری نەخۆشییەكی درێژخایەنە" و ڕزینیش گەر هات، چارەسەری نییە[1] و بەردەوام دەبێت لە لاشەی مرۆڤدا. لەوانەیە بۆچوونێكی دروست ببێت كە ئیبن خەلدون گفتوگۆی بەرزبوونەوە و دابەزینی بنەماڵەی فەرمانڕەواكانی كردبێت، بەڵام بنەماڵەی فەرمانڕەواكان دێن و دەچن،

---

[1]. ابن خلدون، المقدمة، المصدر السابق، ل٢٦٨ و ٢٦٩.

بۆیە پێویستە شارستانییەت لە لەناوچوون ڕزگار بکرێت. ئەمەش هاوشێوەیەکە لەم سەردەمەدا دەگوزەرێت، لە کاتێکدا حکومەتێك یاخود دوو حکومەتی گەندەڵ، لێهاتوو نین، لەوانەیە زیانێکی گەورە بە وڵاتێك نەگەیەنن، بەردەوامی و هاتنی یەك لە دوای یەکی ئەم جۆرە حکومەتانە، ئایندەی ئەو وڵاتە دەخەنە مەترسییەوە، ئەو حوکمەی ئیبن خەلدون دەیەوێت بۆ بنەماڵەی فەرمانڕەواکان، مەرج نییە ــ وەك پێویست ـ بەسەر شارستانییەتدا جێبەجێ بکرێت، لێرەدا شارستانییەت کرۆکی گرنگیدانمانە و لەوانەیە بنەماڵەی فەرمانڕەواکان هەرەسبهێنن و هەرگیز پێشنەکەون، دانیلفسکی (Danilevski) و شبنگلەر (Spengler) هەر وای بۆ دەچن.[1]

لە شارستانییەتەکانیشدا لەوانەیە لە ماوەیەك زیاتر هەبووبێت بۆ پێشکەوتن و دارمان، لەوانەشە ئیبن خەلدون کتێبی (المقدمة)ی نەنووسییایە، ئەگەر گەشبین نەبووایە بە پێچەوانەی ڕێڕەوی پرۆسەی دارمانی کۆمەڵگای ئیسلامی. یاسایەکی سروشتیش نییە، بڵێت پێوستە هەموو شارستانییەتێك هەڵبوەرێت و هیچ هیوایەکیش نەبێت بۆ ڕابوون، لە کاتێکدا لە سەردەمێکدا پێشکەوتوو بووە. ئەمەیە فەرمانی بیردۆزی پێکهاتەی ئایینی کە لە پشت نموونەکەی ئیبن خەلدونەوەیە. ئەگەر پێچەوانەی ڕێڕەوی پرۆسەی دارمان ئاسایی نەبووایە، ئەو کاتە ناردنی

---

[1] . Spengler, Oswald. Decline of the West. New York :Alfred A. Knopf, 1947. ; and Sorokin, Social Philosophies of an Age Crisis, p. 164.

پێغەمبەرانیش لە لایەن خواوە هیچ مانایەکی نەدەبوو. هەموویان هەوڵیان داوە چاکسازی لە گۆمەڵگاکانیاندا بکەن، لە میانەی چاکسازی مرۆڤەکان و دامەزراوەکانەوە، کە کاریگەریی لەسەریان هەبێت. ئەمە مانای وایە ئەگەر هاووڵاتیان چاکسازییان لە خودی خۆیان و دامەزراوەکانیاندا کرد، پێچەوانەی ڕێڕەوی داڕمان بوونی هەیە. ئەگەر هاتوو نموونەکەی ئیبن خەلدونم بەکارهێنا، شیاو نییە بیروبۆچوونی زاناکانی دی کە دەربارەی ئەم بابەتەیان نووسیوە، بە هەند وەرنەگیرێت . ئەو بیروبۆچوونانەش پێویستن، چونکە شەشسەد ساڵ بەسەر نووسینی (مقدمة)کەی ئیبن خەلدوندا تێپەڕیوە، لەو کاتەوە گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕووی داوە، بۆیە پێویستە لێرەدا گۆڕانکاری لە نموونەکەدا بکرێت [1]، بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەموو جیهاندا ڕووی داوە، لە نێوانیاندا وڵاتانی ئیسلامی، لە میانەی سوودوەرگرتن لە تێڕوانینی زاناکانی دی، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ باشترکردنی شیکارییەکان.

---

[1]. هەندێ لەو گۆڕانکارییانەی لە بەشی یەکەمدا کراوە، دوای گفتوگۆی نموونەکەی ئیبن خەلدونە.

سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا.

ئامانجەکانی سەنتەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندکردنی ڕوانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.

شارستانییەتی ئیسلامی لە نێوان پێنج سەدەی پێشوودا، دارمانێکی فراوانی بە خۆوە بینیوە کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، دوای ئەوەی ماوەیەکی دوورودرێژ بەرەو پێشچوون و گەشەیەکی گشتگیری بە خۆوە بینی. ئەم گۆڕانکارییەش چەندین پرسیار دەورووژێنێت، وەک: ئەو هۆکارانە چی بوون وای لە موسڵمانان کرد ئەو سەرکەوتنە نموونەییانە لە سەدەکانی یەکەم لە تەمەنی ئیسلامدا بەدەستبهێنن؟ ئەو هۆکارانەش چی بوون گەیاندنیە ئەو بێهێزی و لاوازییە؟ ئایا ئیسلام بەرپرسیار بوو لەو دارمانەی تووشی موسوڵمانان بوو؟ یاخود هۆکاری تر هەبوون کە ڕۆڵیان تێدا بینی؟ نووسەر لەم توێژینەوە قووڵەدا هەوڵ دەدات بە تێروتەسەلی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە و بەرنامەیەکیش بۆ چاکسازی دابنێت.